


ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

سێر جان جێنکێنز

# چەپ و ئیسلامیزم

## (وتارێک لە دوو بەشدا)

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت
کاروباری جیهانی

# چەپ و ئیسلامیزم

(وتارێک لە دوو بەشدا)

**سێر جان جێنکێنز**

ئاڵوگۆڕی سیاسەت (Policy Exchange)

ژوولای 2021

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

کاروباری جیهانی

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

# ئیسلامخوازەکان و چەپ: نزیکایەتییەکی ئایدیالۆژیک

## پێشەکی:

کوشتنی سامۆئێل پاتی لە ئۆکتۆبری 2020دا دیسان کۆمەڵێک نیگەرانیی لەمێژینەی لەسەر پەیوەندیی جۆرە جیاوازەکانی ئیسلامیزم لە فەڕانسادا ورووژاندەوە. کۆمەڵگەی فەڕانسی کۆمەڵێك پرسیاری خستۆتە سەر چەپی فەڕانسی، بە تایبەت لە زانکۆ و ناوەندە ئاکادێمیکەکاندا، کە تۆمەتبارن بە هێرشکردنە سەر لاییستیەی فەڕانسی (واتە بنەڕەتی یاسای سیکۆلاریزم لە فەڕانسا) و پابەندبوونی لەڕادەبەدەریان بە بنەماکانی تیۆری ڕەخنەیی. لە درێژەی ئەم پرسیارانەدا دەوڵەتی ماکرۆن پێشنیاری لێکۆڵینەوەی دا لەسەر ئەو بابەتەی کە بە چەپی ئیسلامی Islamo gaushisme ناسراوە؛[1] ئەمەش دەنگدانەوەی گەورەی لێکەوتۆتەوە.

بێگومان مشتومڕێک لەسەر پەیوەندیی ورد و دیاریکراوی نێوان ئەم دووانە بوونی هەیە کە بریتییە لە ڕەخنەی ئیسلامخوازنە و چەپخوازانە لە سیستمی هەنووکەیی فەڕانسا؛ هەر بۆیە ئەم پەیوەندییە ئاستەمە گومانی لێ بکرێت. لە بریتانیاش ئەم دیاردەیەمان هەیە و لە بیست ساڵی ڕابردووشدا بەرچاوتر بووە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە -هەموو پێوەرێکی چەسپاو و ستاندارد دەبێ بەرهەست بێت- زیاتریش گەشاوەتەوە. ئەم گوتارە لە دوو دەیەی ڕابردوودا بەهێزتر بووە. کۆکراوەیەک لە هەر شتێک وا ئەرکی ئەوەی هەیە کە لە بەرانبەر هەر ستانداردێکی نۆرماڵی گوتارە واقعییەکان ناڕازی بێت. هەرچەند بەشێکی ئەمە لە نێو چەپدا گەمژانە ڕووی دا، بەڵام لە نێو ئیسلامیستەکان بە نەهێنی پەرەی سەند.[2] واتە ئەو ململانێیەی کە ئیسلامخوازەکان و هەندێک لە چەپە توندڕەوەکانی بریتانیا لە گوتارێکی دژە-جوودا پێکەوە کۆدەکاتەوە.

پرسیارەکە ئەوەیە: چۆن دەتوانین ئەم پەیوەندییانە بە باشترین شێوە ڕوون بکەینەوە و ئەگەر ئەو دیاردەیە بوونی هەبێت، بە چ شێوەیەک لە نێو ئەم دوو وڵاتە لیبراڵەدا دەبێتە کۆسپ و ژێستێکی بەرفراوان؟

ئەم دوو وتارەی لە خوارەوە نووسراون؛ زۆر بە وردی ئەم بابەتانە و ڕیشەناسیی لێکئاڵاویی ئیسلامیزم و جۆرەکانی بیرکردنەوەی چەپ و ڕەخنەیان لە سەدەی هەژدە و نۆزدە، ڕۆشنگەری و عەقڵی کەرەستەیی، لێک دەداتەوە. هەموویان بە جۆرێك گوتار و تیۆری دژە-سەرمایەداری، دژە-گلۆباڵیزم، دژە-یورۆسێنتریزم و دژە-لیبراڵیان هەیە و دەستنیشانکردنی ڕێگەکانی دزەکردنیان بۆ ناو جیهانی ئیسلام، ئەگەرچی ئاڵۆزە و تایبەتمەندی خۆی هەیە بەڵام پڕزانیارییە. چونکە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم پەیوەندییە تەنیا تاکتیکی نییە، بەڵکو شێوازێکە بۆ بیرکردنەوە لە جیهان، کە باڵی بەسەر زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ناو ئاکادێمیاکانی خۆرئاوادا کێشاوە و بنەما ئەخلاقی و سیاسییەکانی دەوڵەتی هاوچەرخی خۆرائاوا دەخاتە ژێر پرسیارەوە و ئیسلامییەکان بۆ ئامانج و مەبەستی خۆیان ڕێکیانخستووەتەوە. ئەم بابەتە بووەتە هۆی هاوپەیمانییەکی مەعریفی تایبەت دژ بە ڕێکخستنی سیستمی لیبراڵ. ئەمە دژایەتییەکی زۆری بۆ سیاسەت و بنەماکانی دەوڵەت لێکەوتۆتەوە (وەك دژایەتی سیاسەتی دژە-تیرۆریزم و پۆلیس و پەروەردە، خەسارە کۆمەڵایەتییەکان و بەربەستێک لەسەر ڕێگەی یەکسانیی تاک لەبەردەم یاسادا). لە بەرژەوندی ئێمەدایە کە دەوڵەتی فەڕانسا لە ڕاگرتنی ئەم ڕەوتەدا سەربکەوێت. وەك ژیل کێپل دەڵێت، یەکەم هەنگاو بریتییە لە تێگەیشتنی قەیرانەکە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵیدا، بە متمانەبەخۆبوون و بە خۆڕاگرییەوە.[3]

چی بکرێت؟ بەهەرحاڵ ئەمە خەباتی نەوەیەکە. گوتاری زاڵی زانستە کۆمەڵایەتیی و مرۆییەکانی خۆرئاوا لەگەڵ **شوناسخوازیی ئیسلامی** و **چەپ** لە ڕادەبەدەر وەسفکردنی ناوەڕۆکی دەوڵەتانی خۆرئاوای وەك «زاڵم و نادادپەروەریی سیستماتیك» بە بنەما گرتووە. ئەم گوتارە(کە خراپترینیان بەناوی تیۆرییەکانی ڕەخنەی نەژادی دەناسرێت[4])؛ لە ساڵانی ڕابردوودا میدیا، بازرگانی، کەلتوور، وەرزش و تەنانەت هەندێک لایەنی دەوڵەتیشی داپۆشیوە. ئەو کەسانەی ئەمە وەک فرەڕەنگی و پارێزراوی دەبینن، زۆرجار تێناگەن کە بەڕاستی پاڵپشتی لە چی دەکەن. هەرچەن خەڵك لە ئاستی گشتیدا لەبەردەمیدا بەرگری دەنوێنن.

تەنانەت هەندێک لایەنی چەپیش ئەم جۆرە گوتارە و کارتێکەرییەکانی ڕەد دەکەنەوە. ئەمە بابەتێکی مەترسیدارە و هەروەها بەلاڕێدابەری کارێکە کە دەبێ پەلەی تێدا بکرێت. مەترسیدارە چونکە بۆ گۆڕانکاریی، تیۆرییەکی ڕوونی نییە و زۆر ساکار زنجیرە هەڵوێستێکی زاتخواز و جەوهەرخواز لە خۆ

دەگرێت؛ کە گەرەنتی ئیمتیازێکی جیاواز بۆ کۆمەڵێك گرووپ لەسەر بنەمای پۆلێنکردنێکی نەسەلمێنراوی **قوربانیبوون** دەکات و لە هەمانکاتیشدا چارەسەرییە کردارییەکانیش رەد دەکاتەوە. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر: یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، پەیوەندیی ئازاد و متمانەی هاوبەش وا ژێرخانی هەموو کۆمەڵگایەکی سیاسییە، بنکۆڵ دەکات. هەموو حکومەتێک کە خۆی لەبەردەم قەیرانێکی وەها بنەڕەتی ڕوو بە پرنسیپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیدا ببینێتەوە، دەبێ هەڵوێستی خۆی ڕوون بکاتەوە.

ئەمە سزادان و یاسای زۆرەملێ نییە، خەڵك دەبێ ئازاد بن بۆچوونی لەوجۆرەیان هەبێ کە باسمان کردن، تەنانەت ئەگەر بەلامانەوە هەڵەش بن، بەڵام ئەوەش گرنگە ئەو کاتەی کەسانێک ئەم بۆچوونانەیان هەیە، باشترە بەڵگەی ڕوونیان هەبێ لە مشتومڕ و دیبەیتی کراوەدا و لە ئاڵنگاری ڕاستگۆیانەشدا بیخەنە بەرباس. ئێمە دەبێ دڵنیا بینەوە، ئەوانەی کە بانگەشەی لایەنی دیکە ڕەد دەکەنەوە؛ لە بەردەم ترساندن، زۆرەملێ و هەڕەشەی دەرکردن لەکاردا (کە پێشتر ئەزموون کراون پارێزراو بن.[5]

هەروەها دەشبێ ناوەندێکی تایبەت و کارمەندی لێهاتوو و پسپۆری ئەو بوارانە هەبێت تا کەسانێك بپارێزێت کە ئەم گوتارە زاڵە ڕەخنە دەکەن. دەوڵەتی بریتانیا دەتوانێ قووڵتر لە فەڕانسا و لێکۆڵینەوەکانی ئەوان کار بکات.[6] لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە دەتوانێت ڕێچارەی بەهێزتر بۆ دڵنیابوونەوە لە شەپۆلی ئەم بیرکردنەوانە لە نێو دامەزراوە پەروەردەییەکانی وڵاتدا بخاتە بەردەست. تواناسازی و پاراستنی ڕەخنەی عەقڵانی و بەهێزکردنی پابەندییەکانی زانکۆکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پاراستنی ئازادی و گرنگتر لەهەر شتێک، فرەیی لە گوتار و بیرکردنەوەدا، دەبێ گرەنتی بکرێن.

## ڕەچەڵەکناسیی ناڕەزایەتییەکان[7]

چاکسازی پێکهاتەکانی نوێنەرایەتی و چاودێری ئیسلام لە فەڕانسا، کە "ئیمانۆئێل ماکرۆن" دوابەدوای کوشتنی بەربەرییانەی "سامۆئێل پاتی" لە ئۆکتۆبری 2020دا بە خێراییەکی زیاترەوە پێداگریی لە سەر کرد؛ جگە لە ئیسلامیستەکان، زۆرتر وەك پازڵێکیش، لایەنی تری چەپ و باڵی پەڕگیری کۆمێنتاریستی

فەڕانسیش ڕووبەڕووی بوونەتەوە. بەم دوواییانە ناڕەزایەتیەکیش دژ بە ڕاگەیەندراوی وەزیری خوێندنی باڵا،[8] "فرێدریك فیدال" پەرەی سەندووە، کە دەیەوێت لە ڕێگەی CNRS (ناوەندی نەتەوەییی لێکۆڵینەوە زانستییەکان)[9] لێکۆڵینەوەیەکی پەیوەندیدار بکات لە سەر بابەتێک کە ئەو بەناوی چەپی ئیسلامی (Islamo gauchism) باسی کردبوو و هەروەها چوارچێوەکەی، بە شەڕی کەلتووری وڵاتانی ئینگلیسیزمان[10] ناو دەبرد. ئەگەرچی ناوەندی نەتەوەییی لێکۆڵینەوەی زانستی داخوازیی توێژینەوەکەی قبوڵ کرد، بەڵام بە خێرایی خۆی لە کۆمیسیۆنەکە دوورخستەوە.[11] لێدوانەکانی "فیدال" لە لایەن زۆر کەسی چەپەوە وەک قروسکەی سەگێکی وێڵ بۆ ڕاستی ناسیۆناڵیستی فەڕانسا[12] لێکدرایەوە، یان دەوترا کە: ئەمە جۆرێک نەزانییە لە سەر چەمکی بەهای کەلتووری لە نێو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا.[13] ئەوان ڕەتیان کردەوە کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئیسلامیست و چەپەکان بوونی هەبێت و دەڵێن: ئەمە وەهمێکە کە لە لایەن ئەکتەرانی بەدگومانەوە [ستایشت] دەکرێت.[14]

بەڵام ئەم باس و مشتومڕانە نوێ نین.[15] تێرمی چەپی ئیسلامییش -کە لەلایەن سەرۆکی ناوەندی نەتەوەییی لێکۆڵینەوەی فەڕانسا بەکاربرا- سەرەتا لە لایەن کۆمەڵناسی بەناوبانگ "پییەر ئاندرێ تاگیەڤ" و لە دوو پاژی کتێبێك بەناوی **جووفۆبیای هاوچەرخ**،[16] لە ساڵی 2002دا بەڵگاندنێکی وردی لە سەر کرابوو، بەکار هێنرا. لە فەڕانسا فیلسووفانێک وەک «ژان بارنبۆم[17] ئالێن فینکلکرۆت،[18] پاسکاڵ برووکێر[19] و ژیل کێپل[20]» سەرجەمیان پێشووتر ئاماژەیان بە هەمان قەیران لە چوارچێوەیەکی گشتیتردا کردبوو؛ واتە هەڵوێستی لێکدژ و سەیری هەندێ لە چەپەکان لە ئاست جۆرەکانی ئیسلامیزمی توندوتیژ یان ناتوندوتیژ. لە ڕاستیدا ئەمە تەنیا فەڕانسا ناگرێتەوە؛ بۆ نموونە ساڵی 2019 نووسەری سویسی/مەغریبی و چالاکوانی سیکۆلار "کەچەم ئەلغەزالی" لە بڵاوکراوەیەکدا دەنووسێت: «من ڕەخنەم ئاراستەی ئیسلامی سیاسی و سیاسەتی شوناس (Identity Politics) کرد، لە ناکاو کرام بە ڕاستڕەو. بۆچی؟ جیهان سەری لێشواوە. ئاتێیستە پرۆگرێسیڤەکان، بەرگری لە ئازادی باڵاپۆشی ژنان دەکەن. ئیسلامییەکان دنەیان دەدەن، هەردووکیان دژی "پیاوی سپی" سەنگەریان گرتووە. هەرکەسیش لەگەڵیان نەبێت دەیکەن بە ڕاستی توندڕەو. «ڕۆشنگەری و بیرکردنەوەی ئازاد» لە مەترسیدایە».[21] لە درێژەشدا ئاماژە بەوە دەکات تەنیا لە ئەورووپایە کە ڕەخنە لە ئیسلامیزم بە ڕاستڕەویی و ڕەیسیزم لەقەڵەم دەدرێ. لە جیهانی ئیسلامیشدا بە لادەر و لە دیندەرچوو بانگ دەکرێن.[22] ئەلغەزالی باسی

ئەوەش دەکات کە موسڵمانانی ئازادیخواز لە لایەن چەپی ئەوروپاوە بە کەسانی ناڕەسەن و درۆزن سەیر دەکرێن؛ فێتیشیزەکردنی حیجاب و نیشانەکانی شوناش لە لایەن ئەوان، جۆرێك ئەویترکردنێکی ئەبەدی لە سوژەی موسڵمانە یان **ئۆرێنتالیزمی پێچەوانەیە** (دەربڕینی لێکۆڵەری سووری سدیق ئەلئەعزەم)[23] لە ئەڵمانیاش بە **ماندوونەناسانە**(دەربڕینی بەسام تیبی خەڵکی سووریا) قسەی لەسەر دەکرێت.[24] هاوشێوەی مێژوونووس عەزیز ئەلئەزەمە(دیسان سووری) کە دەڵێت: لە بوداپێست و شوێنەکانی دیکەش، بۆچوونی هاوشێوە بوونی هەیە.[25] لە بریتانیا ئەم باسە زیاتر لە لایەن کەسانی وەک "دۆگلاس مۆرای" و "نیك کۆهێن"ـەوە دەکرێت.[26] هەمووشیان ڕووبەڕووی ئەم چەمک و ڕەخنە دووبارانەوە دەبنەوە: ئیسلامۆفۆبیا، نەژادپەرستی یان گەورەکردنی نابەرپرسیارانەی دیاردەیەک کە بوونی نییە!

ئامانجی ئەم وتارە بەرگری یان دژایەتی لەو بانگەشانە نییە، بەڵکوو دەیهەوێت پەیوەندی نێوان ئیسلامیزم(لە هەموو فۆرمەکانی) و هەندێك لایەنی چەپ،[27] لە فەڕانسا و هەروەها لە جیهانیشدا[28] ڕوون بکاتەوە. پەیوەندییەک کە بوونی هەیە و تەنیا تاکتیکی نییە، بەڵکوو بنیاتی هاوبەشی تیۆریک و فکری لە پشتە.[29] لەبەر ڕۆشنتر کردنەوەی ئەم پەیوەندییە راستەقینە و بەرچاوە، لە درێژەی ئەم وتارەدا بەڵگاندن دەکەین بۆ دۆزینەوەی ڕەچەڵەکناسانەی پەیوەندیی هەرکامیان و ئەو شێوازەی کە لە جیهان تێدەگەن، بەتایبەت؛ لە ئاستی پرسەکانی وەک **مۆدێرنیتە**، **دەسەڵات** و **دەوڵەت**. ئەم پەیوەندییانە ئاڵۆزن، بەزۆری ناڕوون و هەندێکجاریش دژیەك دیارن، بەڵام ڕاستەقینە، بەرهەست و گرنگن. پەیوەندییەک کە جیهانبینیەک شکڵ دەدات بۆ دژایەتیی ئەو شتەی کە دەتوانین بە ڕێکخستنی(نەزمی) لیبراڵ و دێموکراسیی مۆدێرن ناودێری بکەین و ڕەخنەگرەکانی [ئەم نەزمە] بە چەند ناوێکی وەك نیولیبراڵ، نیوکۆلۆنیاڵیزم، نادادپەروەرانە، نەژادپەرستانە و چەوسێنەر وەسفی دەکەن. ئێمە بە تازەیی دایکیۆمێنتی بەرچاو لەسەر کۆبوونەوەی هاوبەشی چەپی بریتانیا و ئیسلامیستەکان لەسەر هەندێ بابەتی وەک رووداوی قوتابخانەی گرامەر باتلەی دەبینین. لێرەدا فۆڕمێك لە "دیسکۆرس"(کە دەستەوشەیەکی گرنگی ئەو باسەیە) لە ڕێگەی ئیسلامۆفۆبیاوە(کە ئەوان پێیانوایە شێوەیەک ڕەیسیزم و جۆرێك سەرکوتکارییە) بەهێزتر دەبێت.[30]

ئەم باسانە ڕاستە کە نوێ نین، بەڵام بۆ ئەوانەی کە گرنگی بە ئاراستە و ڕەوتی داهاتوو دەدەن، گرنگن.[31]

## ڕۆشنگەریی

لە نێوان ڕێگە جیاوازەکاندا خاڵی جەوهەری بۆ بیرکردنەوە لە «پەیوەندی نێوان چەپ[32] و ئیسلامخوازی» دیاردەیەکە بەناوی ڕۆشنگەری.[33] مەبەست لەو گۆڕانکارییانەیە کە لە سەدەی حەڤدەیەمەوە لە نێو ئابووری، کەلتوور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستی پێکرد. بواری بۆ کاری ڕێکخراوی نوێ ڕەخساند. خوێندەواری و پانتاییی گشتی، لێبوردنی ئایینی و جەختکردن لە سەر حوکمڕانیی عەقڵانی گەشەی کرد و لە درێژەیدا فەلسەفە و هونەرێکی سیکۆلاریش هاتە ئاراوە کە بە گشتی شۆڕشی فەڕانسا(باش یان خراپ) بە لوتکەی ئەم پرۆسەیە دەزانرێت. ئەم پرۆسەیە شێوازی نوێی لە ڕێکخستنی سیاسی خولقاند، کە لە کۆتاییدا گەیشتەوە بە ئایدیالۆژیی لیبراڵیزم[34] کە هەڵگری گوتارێکی جیهانی بۆ ماف و ئازادیی تاک بوو. [ئیسلامیزم] ڕێك ئەم ئایدیالۆژییە دەخاتە ژێر ڕەخنە.

بەڵام دەبێت بەرانبەر ئەم گێڕانەوەیە کەمێک وریا بین، لە ئینگلیسیدا تێرمیEnlightenment سەبارەت بەم پرسە درەنگتر بەکار برا. دەستەوشەکە لە کەسانێکی وەک ئیمانوئێل کانتەوە[35] وەرگیراوە کە تایبەتمەندیی ڕۆشنگەری بە عەقڵی سەربەخۆ لە هەموو بوارەکاندا دەزانێت، بە تایبەتی لە نێو ئاییندا. ئەم دەستەوشەیە دوواتر لە لایەن ڕەخنەگرانی کانسێرواتیڤی عەقڵی [کەرەستییەوە] بەکارهێنرا وەک ئاماژەیەک بۆ بەرپرسکردنی زێدەڕۆییی لەخۆباییانەی بیرمەندانی فەڕانسی و ئەو کارەساتانەی کە بەبڕوای ئەوان ئەو بیرمەندانە ڕێبەڕایەتییان کردبوو.[36] ڕۆشنگەری لە کردەدا ئاماژە بوو بە وەبەرچاوهێنانی کۆیەک لە پەیوەندیی، مشتومڕی فکری و بزووتنەوەگەلێکی جیاواز و کاتمەند، کە بەردەوامن و پەیوەندیی دیالێکتیکییان لەگەڵ یەکتردا هەیە. ئەم دیالێکتیکە جۆرێک لە ڕەخنەگریی خۆی بەرهەم هێنا. واتە ڕەچەڵەکناسییەکی ڕۆشنبیرانە کە لە ئاست بانگەشەکانی عەقڵ و جیهانیبوونی مۆدێرنیتەیەکی "یورۆسێنتریک"(ئەورووپاناوەند) و هیومانیست(مرۆڤناوەند) بە گومانەوە دەڕوانێت. ڕێگەی مۆدێرنیتە (وەك فیکۆ[37] دەڵێت) بە هێردر، هامان، فیختە، شێڵینگ، دۆماستێر، شۆپنهاور و نیچەدا تێدەپەڕێت تا دەگاتە فرۆید، هایدگێر، لۆکاچ، مارکۆزە، ئەدۆرنۆ، هۆرکهایمر، لێڤی ستراوس، فانۆن، سێمی گیرتەز، دێریدا، دولۆز، بارت، فووکۆ، دۆمەن و بۆردیۆ تا دەگاتە تیۆری ڕەخنەییی هاوچەرخ. ئەمانە لە زۆر لایەنەوە نوێنەرایەتیی ڕەوتی ئانالێتیک(شیکارانە٩ لە فیکری کۆمەڵایەتیی خۆرئاوادا دەکەن.[38] هەروەها

ئەمە سەبارەت بە مارکس و قوتابییەکانییەوە نییە، چونکە ئەم بزووتنەوەیەی دیکە خاوەن نوێنەرایەتییەکی ڕقبەرانە، تێکهەڵکێش(intersect) و هەڵفریوێنەرترە.[39]

## جیهانی ئیسلامی

دەبێ ئاماژەش بەوە بکەین کە ڕۆشنگەری تاکە بزوتنەوەی چاکسازیی ئەو سەردەمە نەبوو، بەڵکو گۆڕانکاری بەرچاویش لە جیهانی ئیسلامیدا ڕوویدا[40] کە پەیوەندیدار بوو بە گۆڕانکاری لە نێو قەوارەی دەسەڵاتی سیکۆلاردا. نموونەکان: لەناو شێعەکاندا، بزوتنەوەی **ئوسوڵی** لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەم. لە نێو کۆمەڵگەی سوننیدا و لە باکووری ئەفریقای سەردەمی عوسمانی، بزوتنەوەی **سانووسیە** کە لە ژێر کاریگەری سوفییەکاندا بوون. بەرنامەی چاکسازیی فەرموودەکانی [پێغەمبەر] کە لە لایەن محەمەدشای وەڵیوڵڵا دێهلەوی لە هیندوستانی سەردەمی مەغۆلەکان بوو.[41] هەروەها ئەوەی کە هەندێک لە لێکۆڵەران لە سەردەمی **محەممد بن عەبدولوەهاب** و یەکەم ئیمارەتی سعودی بەناوی "پرۆتستانیزەکردنی ئیسلام" ناوی دەبەن. هەروەها لە 1750 و دووای دەرکەوتنی گرووپی شێعەی هێترۆدۆکس کە بەهایی بوون.[42]

پاشەکشێی دەسەڵاتدارانی موسڵمان لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەم، شکستی مەغۆلەکان لەسەردەستی ئینگلیسەکان، شکستی تورک و فارس بەدەستی ڕووسەکان، مەمالیکی میسری لە سەر دەستی فەڕانسییەکان و بەرنامە ڕیفۆرمیستییەکانی دژە-عوسمانی لەسەردەمی محەمەد عەلی و ئیسماعیل پاشا لە میسر؛ سەرجەم ئەمانە پێکەوە پاڵنەرێکی زیاتریان بۆ گۆڕانکاری هێنایە کایەوە. ئەم شکست و تێکشکانە بەردەوامانە، ئەم هەستەیان درووست کرد کە جیهانی عەرەب و موسڵمان لەڕووی تەکنەلۆژییەوە لەدوای ئەورووپادایە. ئەمە و بەرنامەی مۆدێرنیزاسیۆنی خۆجێیی قۆناغێکی هێنایە ئاراوە کە موسڵمانان مامەڵەیەکی ڕەخنەیی، پچڕپچڕ، بەڵام بنیاتنەر لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەورووپیدا بکەن. ئەم مامەڵە و دەستوپەنجە نەرمکردنە لە لایەن نوخبەکانی شارەوە سەرپەرشتی دەکرا. ئەم قۆناغە سەدەیەکی خایاند و هێشتا کاریگەرییەکەی ماوە.[43] داگیرکردنی جەزاییر لە لایەن فەڕانسا(1830) و

هێرشی ئیمپریاڵیستی و کۆلۆنیاڵیستی لەلایەن دەوڵەتانی ئەورووپی -بە درێژایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم- بەشێکی زۆری جیهانی ئیسلامی خستە ژێر کۆنترۆڵی ئەورووپییەکانەوە و دواتریش دەبێتە هۆکاری شێوازی نوێی بیرکردنەوە کە بە ڕوواڵەت لە ژێر کاریگەریی ئەورووپییەکاندایە و دژیشەوەیە. درزێکیش دەکاتەوە بۆ دزەکردنی هێڵە سەرەکییەکانی ئەم بیرکردنەوانە بۆ ئیمپراتۆریای عوسمانی و میسر. هاودەق لەگەڵ ئەمەش؛ باسێکی دیکەی دوورودرێژ جێخرا لەسەر چۆنێتیی بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژیی ئەورووپییەکان(پێیان دەگوترا کافرەکان) بۆ سەر وڵاتانی ئیسلامی[44] و دیسان گەڕانەوە بۆ شکۆی ون و لەدەستچووی ئیسلام.

## یەکگرتن

لەو کاتەدا ڕەخنەی ڕۆشنبیرانی ڕیفۆرمیست لە «سیکۆلاریزمی خۆبەزلزانینی ئەورووپا و دارمانی ئەخلاقی و گەشەی عەقڵی کەرەستەیی» بەسەر ئیماندا؛[45] ئاڵنگارییەکی ئایدیالۆژیکی لە جیهانی عەرەب و وڵاتانی ئیسلامیدا درووست کرد. ئەم پرۆسەیە بە ئاڵۆزی بەڕێوەدەچوو بەڵام هەمیشە ئیسلامی و دژە-کۆڵۆنیالیستی و ئیمپراتۆریایی مایەوە. ئەم بەرخۆدانە (Resistance) لە هزر و بیرۆکەی دەوڵەتانی سیکۆلار و کەمیۆنیتی نەتەوەییەوە وەرگیرابوو (**وەک شێوەگۆڕینی ناسیۆناڵیزمی Blut und Boden تا پێی بڵێین فاشیزم**[46]). ئەم تێڕوانینە هەر موسڵمانەکانەکان هەڵگری نەبوون، بەڵکوو بەشێک لە مەسیحییەکانیش تێیدا بەشدار بوون، کە لەو دامەزراوانەدا خوێندبوویان کە لەسەر هێڵە فیکرییەکانی ئەورووپادا دەڕۆیشتن و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ دەکەوتنە ژێر کاریگەری بیرۆکەکانی داروین و لامارک لەسەر پەرەسەندن، داروینیزمی کۆمەڵایەتی هێربرت سپێنسر[47] و مێژووخوازیی هێگڵ کە لەلایەن کارڵ مارکسەوە گەشەی پێدرابوو و هەندێکجاریش بە پێی باسی مێژووی بازنەییی ئیبن خەلدون[48] (زانای گەورەی باکووری ئەفریقا لە سەدەی چواردەیەم) نەخشەڕێژ کرابوون: هەموو ئەمانە پێکەوە تۆی ئەو شتەیان چاند کە کۆمەڵناسی گەورەی فەڕانسی، ئۆلیفەر رۆوا، بە **خاوەنداریکردنەوەی کەلتوورییانەی مۆدێرنێتە**،[49] شی دەکاتەوە. لەگەڵ دەرکەوتنی ئیخوان موسلمین لە میسر لە بیستەکان -یەکەم بزووتنەوەی جەماوەری ڕێکخراو و مۆدێرنی ئایدیالۆژی لە میسر- کە بوو بە هەوێنی سەرجەم فۆڕمەکانی

ڕێکخستنە ئیسلامییەکـانی[50] دووای خۆی و هـاوکـات فۆڕمی جۆراوجۆری نـاسیۆنـاڵیزمی عـەرەبی و ناعـەرەبی، بزاوتی چەپ و کۆمۆنیستی بـەتایبەت لـە سووریا، لـوبنان، عێراق، ئێران و باشووری ئاسیای لێکەوتەوە:[51] جۆرێک لە مۆدێرنیزم و پۆست-مۆدێرنیزم (کە هەمیشە لیبراڵ نەبوون)، لەسەر بنەمای تێفکرینی ئیسلامی پێشوو، بەڵام قووڵ لە ژێر کاریگەری فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ئەورووپا. بۆ نموونە عەلی ئەبدولڕەزاق، (الاسلام و الاصول الحکم)ـەی[52] لە ساڵی 1925 بڵاو کردەوە. هەروەها باوکی ئێگزێستنشیاڵیزمی عەرەبی، فواد زەکەریا،[53] ناسراو بە توراسیون،[54] حەسەن حەنەفی یان نەسر حامێد ئەبوزەید، نووسەری نقد الخطاب الدینی هرمونتیکی (ڕەخنەی هێرمێنیۆتیکی گوتاری دینی)[55] کە لە 1990دا بڵاو بـوویەوە. ئـەم سـەرچـاوەیە وەک بـەنـاوەکـەیدا دیارە، ڕەخـنەیەکـە لـەسـەر گـوتـاری ئیسلامییەکان و دەیەوێ ڕوو بەو پرسە خەسارناسی بکات و کەلێنەکانی ئاشکرا بکات. ئەبوزەید لەژێر کـاریگەری مـامۆسـتاکـەی، حـەسـەن حـەنـەفیدا بـوو -داهێنەری چەمکی خۆرئاـاواچێتی (اسـتغرب)- و هەروەهـاش [ئەبـوزەید] لە ژێر کاریگەری بیرمـەنـدە نـاودارەکـانی ئـەوروپـادا بـوو؛ هێرمێنیۆتیک و تیۆری ڕەخـنـەیی وەك دێڵتای، سۆسۆر، بێرگسۆن، یاکۆبسۆن، لێفی سـتراوس، هـایدگێر، گـادامێر، پۆل ڕیکۆر، فـووکۆ و بـارت. هـەروەهـا لە سـاڵی 1990 کۆمەڵێک لە نەریتخوازە نـوێکان[56] کە نـوێنەرایەتی کتێبەکـانی محەمەد ئارگۆن[57] و زانایانی شێعە وەک ئەبدولکەریم سروش و محەمەد موجتەهد شەبستەرییان دەکرد.[58]

هـەمـوو ئـەم ئـاراسـتە جیاوازانـە لـە مـلملانێی تـونـددا بـوون،[59] بـەڵام لانیکەم لـە ئـاسـتی نـوخـبەکـانـدا سەرچاوەی هاوبەشیان هەبوو؛ هەم ئیسلامی و هەم ئەورووپی. بیرکردنەوەی ئەوان بە گشتی پێداگری لـەسـەر ڕەسـەنـایەتی (الاصـالـە)[60] و گـومـانی بـەردەوام دەکات لە تێگەیشتنی ئـەورووپی بۆ دەسـەڵات و کۆمەڵگای ئایدیاڵ: کە دەرهاوێشتەی ماددی و فیکری تایبەت بەخۆی هەبوو؛ بە وتەیەکی دیکە بنەڕەتی باسەکان لەسەر پەیوەنـدیی ئـەورووپای دووای ڕۆشـنگەری لـەگـەڵ ئێمپێریاڵیزم، تـونـدوتیژی، نـامۆبـوونی کەلتووری، لەدەستدانی باوەڕی دینی و ستەمکاری سیاسی و مەیل بۆ جیاکردنەوەی جیهانی ئیسلام لە خۆرئاوا بوو.[61]

دەبێ ئەمەش زیاد بکرێ کە لە دەیەی 1960ـەوە، ڕۆشنبیرانی عەرەب لە هەموو لایەنە سیاسییەکانەوە هەوڵیان دەدا لە هۆکاری شکستی وڵاتەکانیان بەرانبەر ئیسرائیل، لێسەندنەوەی زەوی فەڵەستینییەکان لەلایەک و بەرپەرچدانەوەی ئێمپێریاڵیزمی نوێی ئەمریکا و سۆڤییەت لەلایەکی تر، تێبگەن و هەوڵی گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناوخۆیان بدەن. سەرچاوەکانی ئەم هەوڵانەش چوارچێوەی باسەکانی ئیبن خەلدون، ئیبن تەیمیە و گەشەی فیقهی سەلەفی و ئیسلامییەکانی دیکەی دەگرتەوە تا دەگاتە مارکس و هانا ئارێنت و ئەلێکسی تۆکفیل.[62]

## گوتاری هایبریدی شۆڕش

نموونەگەلی بەرچاو و سەرەتایی ڕەخنەی ئیسلامخوازەکان لە مۆدێرنیتەی خۆرئاوایی لە نێو نووسراوەکانی دامەزرێنەری ئیخوان موسلمین - حەسەن ئەلبەنا - و هەروەها لە نێو دوو جێگری ئایدیالۆژیکی خۆی ئەبو ئەلمەودوی و سەید قوتبدا[63] دەدۆزینەوە. لانیکەم ئەلبەنا خۆی ئاشناییەکی ڕووکەشی لەگەڵ ڕەوتە تایبەتە فکرییەکانی خۆرئاوادا هەبوو.[64] بەڵام مەودودی کە قوتب شوێنکەوتووی بوو[65] (لەوە دەچێ زۆربەی ڕەخنە سەرەکەییەکانی لە نایەکسانیی جیهانی لە ئەو وەرگرتێب؛ ئەڵبەت لە ڕێگەی ئەبولحەسەن عەلی نەدوی، بە تایبەت ئایدیاگەلێک وەکوو جاهێلییە و حەکیمییە).[66] کە یەکەمیان چەمکێکی قورعانییە بۆ ناوزڕاندنی هەموو کۆمەڵگا و دەوڵەتانی سەردەم لەژێر ناوی [جاهێلییەت]، واتە بە ڕاوەستانێکی گوناهکارانە لە بەرانبەر حەقیقەتی ئیلاهی پێناسەی دەکات؛ بەڵام دووەمینیان ئاماژە دەداتەوە بە "سەروەری" موتڵەقی خودا. چەمکی حەکیمییە دەنگدانەوەکەی لە نێو یەزدانناسیی سیاسی کارڵ شمیت دەدەۆزرێتەوە؛ واتە لەو شوێنەدا کە شمیت «لەسەر "سەروەرییەک وا شوێنی دوایین بڕیاری سیاسییە" پێداگری دەکات... لە نێو ڕوانینی شمیتدا، حاکم لەگەڵ خودا پێناسە دەبێتەوە. [حاکم] پێگەیەک لە نێو دەوڵەت وەردەگرێت کە بە شێوەیەکی بەرهەست لە ڕۆڵی خودا لە نێو سیستمی فەلسەفی دێکارت دەچێت»؛[67] کاواگنیس لە ساڵەکانی 2012/3، ئاماژەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان-چەمکیی یەزداناسانەی سەروەریی شمیت و بۆچوونی گشتی میشێل فووکۆ سەبارەت بە ڕۆحانیەتی سیاسی لە کاتی شۆڕشی ئێراندا دەدات. هەرچەن ڕەنگە

گرنگترین ڕێگەی گواستنەوەی بنگەهە سەرەکی و گرنگەکانی گوتاری دژ یان پۆست-ڕۆشنگەری ئەورووپا بە دەست ئیسلامخوازە سونییەکانەوە بێت.[68]

پەیوەندییەکی زۆر جیاوازتر لە نێوان ئیسلامخوازە شێعەکان و فکری دژە-ڕۆشنگەری، دژە-خۆرئاوا، دژە-کاپیتاڵیزم و دژە-لیبراڵ، ئەویش لەنێو **گوتاری شۆڕشدا** هەیە.[69] ڕەنگە ئەم گوتارە دەرەنجامی مۆدێرنیزاسیۆن و گەشەکردنی خوێندنی باڵا لە سەردەمی پەهلەوی و هەروەها مەیلی زۆرتری هەندێک لە موجاهێدینی شێعە وەکوو خومەینی بێت (بە تایبەت دووای شۆڕش) بۆ فێرکاری و موتاڵای شتێکە لە سەردەمی ئەو کاتدا بە شێوەیەکی گشتی لە قوتابخانە سوونییەکاندا ناهومیدانە ڕووبەڕووی ببوونەوە، واتە **فەلسەفە** -دەستەوشەیەک کە دەتوانێ هەمووشتێک لە پلاتۆ، ئەرەستوو، پلۆتینوس تاکوو مێتافیزیکی ئیسلامی سەدەی نێوەڕاست، مۆعتەزەلیە، فارابی و ئەلغەزالی، کانت، هێگڵ، سێنت سیمون، کۆنت، مارکس، هایدگێر و بە تایبەتتر پوپەر، فووکۆ و هابێرماس ڕووماڵ بکات.[70] بەڵام کەڵک وەرگرتنیان دەبەسترێتوە بە زیرەکیی تیۆریستە دەستڕۆشتووەکان وەک جەلال ئالەئەحەمد (کۆمۆنیستی پێشوو) یان عەلی شەریعەتی (وا خوێندنی لەژێر چاودێری ڕۆژهەڵاتناسێکی کاتۆلیکی عیرفانی، لوییس ماسینگنون لە پاریس بە ئەنجام گەیاندبوو)[71] بۆ نموونە لە بیرمەندانی جۆراوجۆری خۆرئاوایی وەکوو مارکس، ڤێبێر، فانۆن[72]، سارتر، ئێرنێست ئونگێر[73] و هایدگێر کە جەلالی ئالە ئەحمەد لە ڕێگەی مامۆستاکەی - ئەحمەد فەردید[74]- کەڵکی لێ وەردەگرتن. بۆ نموونە چەمکی غەربزەدێگی [واتە تواندنەوە لەنێو کەلتوور و فکری خۆرئاوا] ڕەنگە ئالەئەحمەد لە فەردیدی وەرگرتبێت؛ چەمکێک وا پێش و دووای ساڵی 1979 بۆ شۆڕشگێڕانی نزیک لە خومەینی گرنگایەتییەکی یەکجار بەرچاوی هەبوو.[75]

شۆڕشی ئێران لەو ساڵەدا بە پێکەوەگرێدانی شارەزایانەی مێتافۆرەکانی شێعە سەبارەت بە **ئازار، چەوسانەوە** و **ڕزگاری** لەگەڵ دروشمە چەپییەکان سەبارەت بە **شۆڕشی سەدەی بێبەشکراوان** و **خوازیاریی بۆ دادپەروەری ڕادیکاڵیی کۆمەڵایەتی**، لە زۆربەی ڕووەوە خاڵێکی وەرچەرخانی پێشان دا.[76] ڕەنگە قەزافی ڕێزی لە کاسترۆ و چێگڤارا گرتبێت.[77] PFLP [بەرەی ڕزگاری بۆ فەڵەستین] لە کەمپەکانی بیقاع مارکس و لێنینیان دەخوێند. ژان لۆک گوداریش لەو باوەڕەدا بوو کە شۆڕشی جیهانی لە ناو

فیداییانی فەڵەستینی ئوردنەوە دەست پێ دەکات.[78] هەروەها، ڕادیکاڵە خێڵەکییەکانی باشووری یەمەن لە لایەن هـــاوڕێبازەکانیانەوە -کە بە ئـــاســـایش لە خەلیج[79] ئەژین- پـــاڵپشتی دەکرێن؛ بە دوور نییە ئەوانیش وەک پێشەنگی پرۆلێتاریایەکی جیهانی بیر لە خۆیان کەنەوە.

بەڵام لە ئێران و لەژێر سپۆنسێری دەوڵەتێکی ڕێکخراویی نیو-ژاکۆبێنی،[80] لەوە دەچێ بۆ یەکەمجار ئایدیا ئیسلامییەکانی شێعە و ســـونـــنە لەگەڵ ئەنـــدێشەی ڕادیکاڵی ئەورووپی پێکەوە ڕیز و بە شێوەی بەرین تەیار و ساختە کراون کە ببنە کەرەستەیەکی بەردەوام بۆ بەرخۆدانی گوتاری (discursive resistance) لەبەرانبەر نادادپەروەری جیهانی، سەرکووتی خۆرئاوایی و هەژموونی ئۆرێنتاڵیستی.[81]

## سروشتیی ناکۆکییەکە

ئەم دیسکۆرسە بە گرێدانی تێکەڵاویی فکری ئیسلامی و نائیسلامی مۆدێرنیستی بنیاتنراوەتەوە و لەگەڵ چەپی ئەورووپی و ئەمـریکی هـاودەنـگ دەبێت؛ چـونکە ئیدعـای ئەوەی هەیە کە ئـامـانـجەکانی لەگەڵ ئەوان یەکسانە.[82] ئەمە دەنـگدانەوەی هێرشێکە بۆ سەر لێکسازان(کانسـتراکشن)ـی دەوڵەتی **عەقڵانیی ڤێـبێـری** [weberian state]، **نەژادی** و **خۆرئـــاوایی** لە نیـوەی دووەمی سەدەی بیـســتەمـــدا؛ کە بە شێوەگەلی جۆراوجۆر و لە ڕێگەی کەسـانێکی وەک فـانۆن، فـووکۆ و [ئێدوارد] سەعید پەرەی پێ درابـوو. ئەوان دەگەڕێنەوە بۆ بیر و ڕای هـــایدگێر،[83] بێنیامین،[84] ئەدۆرنۆ، هـــورکهایمر،[85] مـــارکۆزە[86] و ئەوانەی ڕەخنەگەریی عەقڵانیەتی ڕۆشنگەرین؛ خەمباریی زانستی،[87] گەڕان بەشوێن تاوانەکان بۆ دژایەتی ئانگلو-ئەمێریکەن،[88] دژایەتی دیمۆکراسی خەڵکپەسەنـــد، عەقڵانیەتی کەرەســـتەیی،[89] پـــازێتیڤیزم، سەرگەرمی بەکۆمەڵ و فۆردیزم.[90] تیۆریستە ڕەخـــنەگەرەکانی چەپی نـــوێ، ســـتەمکاری وەکوو پێئاژۆ [کارکرد]ێکی کۆدبەندیکراوی دەسەڵاتی دەوڵەتی دەبینن: کەواتە ئیسلامخوازەکانیش وای دەبینن.[91] توێژەرانی پۆست-کۆڵۆنیـاڵ پێـشـوازی لە بە ویـلایەتکـردنی [پـــارێـزگـــاییکـردنی] خۆرئـــاوا دەکەن و ئەم داشکـانـــدنە پێشگیریلێنەکراوە مایەی خۆشحاڵیی ئیسلامخوازەکانە.[92] نیچە سەبارەت بە مەرگی خودا، مێنتاڵیتەی "کۆیلەی مەسیحیەت"، ئـــاوابـــوونی بـــتەکان (وەکوو دەوڵەت) و هەروەهـــا لەسەر دەرکەوتنێک لە نێو

ڕوونـاکیی "حەقیقەتی نـاخەیاڵی بەرزەمـرۆڤ"، دەینووسی.[93] ئیسلامـخوازەکان لەسەر بەتـاڵیی خـودای مەسیحیەت، سـووکایەتیکردن بە شـوێنکەوتـووانی و بـتپەرسـتی دەوڵەتی خۆرئـاوایی دەدوێن و هـاوکات بـاس لە زەروورەتی حەقیقەتێکی ئیسلامـخوازانەی نـوێ و ڕاشکاو بۆ چـارەسەری ئـازارەکانی مـرۆڤایەتی دەکەن.[94] یاسـانـاسیی بەدنێوی ئـاڵمانی، کارڵ شمیت سەبـارەت بە ئیلاهیاتی سیاسی و دۆخی ئـاوارتە بــنـگەهێکی دەوڵەت ئــاشکـرا دەکــات، کە بە شێــوەیەک خـــودایەکی نــادیــار بیــردەخـــاتەوە:[95] ئیسلامیستەکانیش بانگەشە بۆ سیاسەتێکی ئیلاهیکراو و ئاوارتەخوازییەکی پیرۆز دەکەن کە خودا وەکوو حاکمیەتێکی یەکە و تەنیا دەردەخات.[96] ئانتۆنیۆ گرامەشی و دوواتریش ئەو مارکۆزە و لـووی ئاڵتوسر بۆ بەدەستهێنانی هەژموونی ڕێسایی (normative hegemony) لە ڕێگەی زمان و ئاپاراتوسی ئایدیالۆژیکی دەوڵەت، جەختیان لەسەر گرنگایەتی ناوەکیی **خەباتی شۆڕشگێڕانە** کردبوو:[97] ئیسلامخوازەکان بە باشی ئەم وانەیەیان وەرگـرتـووە. نەریتخوازەکان وەکوو ئێزۆتێرییست [بـاوەڕدار بە زانسـتیی ڕەمـزاویی] بـوون بە سۆفی (ڕێنێ گەونــون). ئەوان ڕێکخستنی نێو جیهانی خۆرئـــاوایان لە قەیرانـــدا دەبینی و خـــوازیاری سەرلەنوێ دۆزینەوەی ڕۆحانیەت بوون:[98] کەواتە ئیسلامخوازەکانیش وای لێ دەڕوانن.[99]

ئەم پەیوەندییە لەگەڵ سوبژە یاخییە کۆڵۆنیکراوەکان [داگیرکراوەکان] دەستی پێ کرد کە بەدووای چەکدا بۆ دژایەتی خۆرئـاوا دەگەڕان. ئەم گـوتـارە لە لایەن ڕوونـاکبیرانی خۆرئـاواییەوە کامڵ دەبێت؛ ڕەنـگە ئەوان بـوونەتە هۆگـریی ئەفـسونی شۆڕش دژ بە دۆخی هەنـووکە و تێپەڕین لە مـارکسیزم-لێنینیزمێک کە بۆ ڕازی هێشتنەوەی هەوادارانی بەردەوام درۆی دەکرد؛ بۆیە ئەم ڕووناکبیرانە خۆیان لە نێو شۆڕشێکی نوێی گـرژ و شەڕخـوازانەدا خەڵەتـانـدووە چـونکە پێیان وایە ئەم گـوتـارە وڵامێکی کۆتـایی و تەواوە بە ئیدعـایە پـووچەڵکراوەکانی پـازێتیڤیزم.[100] لە یاد نەکەین کە هەمیشە خۆڕاگـرتـن لە نێو سەنـگەری مێتافۆرەکان بزوێنەرترە لە خەزێنەی بەڵگە واقعییەکان!

دەکرێ نـموونەیەکی بـاش (ئەگەر بەکاربـردنی لەم بەسـتێنەدا دروسـت بێت) میشێل فـووکۆ بە هەژمـار بێنین کە لە پاڵپشتانی بەرچاوی تیۆری ڕەخنەییە.[101] فووکۆ دوو جار لە ساڵی 1978 بۆ نووسینی زنجیرە وتـــارێک بۆ ڕۆژنــــامەی ئیتالیایی **کۆرییەرە دێلا سێرا** سەفەری بۆ تـــاران کرد.[102] بە شیکردنەوەی خەونە

ئێـرانییەکـان (ئەو جۆرەی کە ئـــامـــاژەی پێ دەکـرد) سەرنـجی ڕاکێـشـرا بەرەو شـــتێک کە بە شۆڕشی ژێردەستەکان[103] و گەڕانەوە بۆ ئۆتۆپیاخوازییەکی سیاسی ناوی لێ دەبرد. ماکس ڤێبێر[104] پێی وابوو [ئەم ئۆتۆپیاخـوازییە] لە نێو دەوڵەتی عەقڵانی و برۆکراتیکدا ون بووە. ئەو [فووکۆ] لە زۆر ڕەهەنـدا چاودێرێکی تیژبین بــوو بەڵام بە شێوەیەکی زۆر سەیر بە بێ لەبەرچـاوگـردنی واقعیەتە سەخـتەکانی دەسەڵات (لە بەرانبەر شیکردنەوە گوتارییەکان) گەڕاندنەوەی ڕۆحانیەتی سیاسی ڕاگەیاند: **وەرگەڕانی خومەینییانەی لە بێهیوایی ڤێبێریانەی جیهان.**[105] ئەو ڕایگەیاندبوو کە شۆڕشەکە حەقیقەتی تایبەت بە خۆی هەیە و [ئەم حەقیقەتە] تەنیا لە نێو فۆڕمێکی جیاوازی ناسیندا دەدۆزرێتەوە.[106] چەن مانگ دوواتر ئەو بە شێوەیەکی گوڕ ڕایگەیاند «برسییەتییەکەیان، بێ کەرامت کردنیان، بێزارییان لە ڕژیم و ئیرادەیان بۆ ڕووخاندنی؛ ئەوان [خەڵکی ئێران] هەمـــووی ئەمـــانەیان لە نێوان ســـنوورەکانی زەوی و ئـــاســـمان، لە نێو خەونی مێژوو بەشێوەیەکی تەواو ئـاییینی بەڵام سیاسی خـوێندنەوەی بۆ دەکەن.»[107] بەڵام کارەسـاتی لێ کەوتەوە، بە تـــایبەت بۆ ژنـــان (بۆ کەســـانێک وا فـــووکۆ زۆر کەم هـــاودڵانە لەبـــارەیانەوە دەینووسی.)[108] بەڵام ئیسلامخوازەکان هاوڕای ئەو کارەساتانە بوون و هێشتاش لە ئەنجامدانیدا بەردەوامن.[109]

سـروشـتی هـاوشێوە بۆ یەکگرتنی فکریی **ڕادیکاڵی خۆرئـاوایی** و **ئیسلامی** هەر نـاوەڕۆکێکی هەبێت، ئەوە ڕوونە کە هەردووکیـان لە یەک ژیـنـگەدا گەشەیـان کـردووە:[110] شۆڕش **دژی عەقڵانیەتی ڕۆشـــنـگەری، ســـابجێکتیڤیزمی دێکارتی،**[111] **یونیڤێرســـاڵیزمی کانتی،**[112] قەیرانی ئەنـــدێشەیی لە کۆتـــایی سەدەی نۆزدەیەم، شۆکەکانی ئێمپێریاڵیزم و نـــاکۆکی بەکۆمەڵ، و وەرگەڕانـــدنی ڕوانینی مـــاتێریاڵیستی مـــارکس سەبـارەت بە خەبـاتی چینایەتی لە نێو ئـابوورییە پێشەسـازییەکانـدا بەڵام بە لەبەرچـاوگـرتنی بـارودۆخی جیاوازی (و ئاماژەپێکەرە بگۆڕەکان) کاپیتاڵیزمی پێشکەوتووی جیهانی. ئەمانە فۆڕمێکی نوێی شیکردنەوە لە بوارێکی گوتاری وەکوو حکومەتێتیی [govermentality][113] بەدی دەهێنێت. دروستکردنی تێکەڵەیەکی ڕەگەزی، ئێتنیکی و هـاوکات پۆلێنبەنـدییە ئـایینییەکان؛[114] بۆیە ئەمە شێوەگەلێکن وا لە نێویدا خـودی زمـان، پەیوەنـدییەکانی دەسەڵات و سـروشـتی ڕێکخستنی پۆسـت-کۆڵۆنیاڵ کۆدبەنـدی [یان ڕەمـزدار] دەکات.[115] لە ڕێگەی جێبەجێ کردنی ئەمەوە، کەرەســـتەی فکری و ڕوونـــاکبیرانەی نـــوێ بۆ پێشخستنی ئامانجی سەرەکی گرامشی -**واتە هەژمونی ئایدیالۆژیک**- بەدی دەهێنێت.

سەردەرهێنانی گـوتـارێکی هـاوبەش یارمەتیدەری ئیسلامـخوازەکان بـووە کە نەک هەر لە کۆمەڵگای موسڵمانانـدا ئیدعاکانیان ئاسایی پێشان بـدەن؛ (بابەتێک وا لە نێو دوو ڕاپۆرتی باشدا لە ساڵی 2020، یەکێک لە Sénat فەڕانـسی[116] و ئەوی دیکە لە ECHR،[117] بە شێـوەیەکی دوورودرێـژ بـاسی لێ کراوە) بەڵکوو تـوانسـتی ئەوەشیانی پێ داوە تـاکوو لە نێو گـوتـارە نـائیسلامییە نـاکۆکەکانیشدا ریشەی خۆیان دابکوتـن، زۆربەی جـاریش تێکنیکگەلی هـاوشێوەی ڕێکخراوەیی بەکار دەبەن: پێکهاتەگەلی ورد و خانەخانە، ئاڤانگاردخـوازیی، بۆ نموونە جۆرێک لە مۆدێلی بەرەی خەڵک. نموونەیەکی باش و بەرچاو بۆ ئەمە لەنێو فەڕانـسە، ڕاگەیـانـدراوی ڕێکەوتی یەکی نۆڤـمـبـری 2019 ـە، کە لە لایەن کۆمەڵێک لە کەسایەتی و گـرووپە ئیسلامیی و چەپەکان نـووسـرابـوو؛[118] هەروەهـا لە لایەن ئەنـدامـانی بـاڵای حـزبی چەپی La France Insoumise، سەنـدیکاکان و ئـاکادێمیست و ژورنـاڵیستە چەپـخوازەکان واژۆ کرابـوو. لەم ڕاگەیانـراوەدا داخـوازییەک پێشکەشکرا بۆ بەرەیەکی یەکگرتـوو و هـاوکار لە بەرانـبەر ئیسلامۆفۆبیا لە ڕێگەی خۆپیشانـدانـان لە پـاریس؛ ئەویش لەژێر وێنەی دروشمێک کە نە بیسترابـو و نە پەیوەنـدی بە ڕووداوەکانەوە هەبـوو؛ نـووسیبوویان l’islamophobie: le silence tue (ئیسلامۆفۆبیا: بێدەنگی کوشـندەیە).[119] ئێمە شـتێکی هـاوشێوەش لە بـریتانیا لەگەڵ (هـاوپەیمانی بۆ ڕاوەسـتانی جەنـگ) و پاڵپشتیی ئەخلاقی زۆربەی چەپەکان لە بزووتنەوە گەلێک وەکوو حەماس و حزبوڵڵا لەسەر بنیاتی دژە-کۆڵۆنیاڵیستی و دژە-گلۆبـاڵیستی هێڵەکەی خۆیان، دەبینین. هەروەهـا دیسان ئەمە لە خـواسـتی پێبەنـدبـوون بە مـافی ژنـان لە ژێر نـاوی سیاسەتی دژە-ئێمپریاڵیستی دەبینین.[120] هەروەهـا ئەمە دیسانیش لەنێو بەرگـری ئیسلامـخواەکان و گـرووپە چەپەکان لە بەرانـبەر سیاسەتی حکومەتە یەکلەدووای یەکەکان کە دژی تێرۆریزمـن دەبینین،[121] هەر دوو پـارتی کرێکاران و کانسێرڤاتیڤەکان لەسەر ئەو بـنەمـایەی کە ئەوان بە شێوەیەک بیرخەرەوەی ئەمنییەتیکردنی سـتەمکارانەی سیاسەت و شکڵپێدانی سەرکووتکەرانەی سـابجێکتیڤیتەی نـاڕازین، هـاوڕای یەکترن؛ فـووکۆ ئیدعـای دەکرد کە لە کارەکانیدا وا لەسەر دیسیپلینی تێکنۆلۆژیای دەسەڵات چڕ بووەتەوە بۆ ئەم بابەتەی ناسینەوەتەوە.

ئەمە لە کاتێکیشدایە کە ئیسلامیستەکان، خۆرئـاوا و هەمـوو بەرهەم و کارەکانی ڕەد دەکەنەوە، بەڵام ئەوان زۆربەی پۆلێنبەنـدییە بـنەمـاییەکان وەک خۆی وەر دەگـرن -وەکوو خـودی ئـایدیای خۆرئـاوای

یەکپارچە.[122] ئەم ئـایدیای خۆرئـاوای ژەهـراوییە -لە نێو خۆبەزلـزانی خۆی بەرانـبەر زانینی قەدەغەکراو، مـرۆڤ و ڕۆحـانیەت و دوواییش گۆی زەوی لە بەین دەبـات- ئەمە لە لایەن فۆرمە تـایبەتەکانی گـوتـاری چەپـخوازانە\پێشکەوتـووخـوازەوە نـامۆ نییە. ڕەنـگە وێنەی ئەم بۆچـوونە لە نێو فـریشتەی مێژووی بێنیامیندا بە بـاشـترین شێوە دەرکەوتبێت. بە پێچەوانەوە، ڕۆحی جیهانیی هێگڵ کە مـرۆڤایەتی لە ژێر هێزی خۆی بەرەو لـووتکەی کەمـاڵی دەوڵەتی پـرووس دەبـرد؛ بەڵام فـریشتەکەی بێنیامین وەدەرنـانێکی ترسێنەرە لە بەهەشتەوە: داماوانە بەرەو دوواوەوە لەسەر باڵەکانی زریانێکی سیکۆلار هەڵدەگیرێیت، کە جـگە لە وێرانی هیچ شـتێک لەگەڵ خۆی نـاهێنێت. بێنیامین ئـاوا ئـاکامگیری دەکات: ئەوەیکە ئێمە پێشکەوتن ناوی دەنێین، لە ڕاستیدا ئەم زریانەیە.[123]

ئیسلامخوازەکان ڕخنەی چەپخوازانە لە مۆدێرنیتەی خۆرئاوایی بە یەک مەرج قبوڵ دەکەن: زۆربەی جار ئیدعا دەکەن کە ئیسلام پێشتر هەمووی ئەمانەی پێشبینی و هەروەها باسی کردووە،[124] بەڵام ئەمە بە تەنیایی کامڵ نییە و لە هەمانکاتیشدا کێشەیە. نیچە، هایدگێر، فانۆن و فووکۆ باسیان کرد و قوتابخانەی فرانکفۆرت ڕەخـنەیەکی نـاوەکیی لە مۆدێرنیتەی خۆرئـاوای و لە نێو بەسـتێنێکی جیاواز و بە زنجیرەیەکی فکری پێشکەش کردەوە کە دەتـوانێ لە ڕێگەی مـاتێریاڵیزمی مـارکسەوە، مێژووخـوازیی بەرزەوەبـووی [transcendental historicism] هێگڵ و فکری دژە-دێکارتی کانـت و تەنـانەت لە فیلسووفـانی پێش سۆقـرات لە یۆنـانی کلاسیکەوە تـاوتـوێ و ڕیشەنـاسی بکرێتەوە.[125] ئیسلامـخوازەکان ئەم ڕەخـنەیان بۆ پـاڵپشتی و بەهێزکردنی ئـامـانـجە جیاوازەکان لە نێو نەریتێکی فکری نـاهـاوشێوەدا بە تەواوی ڕێکخستووتەوە؛ کە زنجیرەی سەلماندنەکەیان نەک بۆ گومانخازیی ڕادیکاڵی هێراکلیتوس و ئێمپێدێلۆس بەڵکوو بۆ وەحییەکی لێڵی ئیلاهی دەگەڕێتەوە.

لە ناوەڕاستی ئەم جیاوازییانەدا پرسی کێشەلەسەر، پرسی پیرۆزییە [خودایی]. ئەندێشەی مۆدێرنیستی و پۆست-مۆدێرنیستی خۆرئاوا هەر دوو پرسی خودا و وەحی وەکوو بابەتگەلی ناگونجاو بۆ ئاقاری گشتی ڕەد دەکەنەوە.[126]

تەنانەت هایدگێر کە وەکوو کەسێکی یەزدانناس و بە کورتی وەکوو عیساییەک پەروەردە کرابوو؛ پێشنیاری ئەوەی دەکرد کە سەرنـجەکە بەرەو دیاردەنـاسی ئەم جیهانە کۆبێتەوە، ئەو شـتەیکە جۆرج شـتاینری کۆچ

کردوو بە پۆست- یەزدانناسیی ناوی دەبرد؛[127] تێگەیشتن لە مەرگ وەک کۆتاسەلمێنەری بوون، نەک هەنگاونان بەرەو بەرزەوەبوویی [transcendence]. خوای نەناسراوی[128] نیچە دیۆنۆسیسە نەک خوایەکی ئیبراهیمی (خودای شاراوە).[129] پۆست-مۆدێرنیستەکان -هاوشێوەی ئیسلامیستەکان- واقعیەت ئەدەقێنن [textualize] یان بە دەقی دەکەن[130]؛ بەڵام بە پێچەوانەوە، لە غەیبەتی خودادا ئەوان سیاسەت جوانیناسیی و ئەخلاق ڕێژەخوازانە دەکەن.[131] لە وڵامی بەرانبەر بەمەش، هەندێک بەشوێن مانادا لە نێو بەکاربردنی دووبارەی عەقڵی بێ لایەن[132] یان فەزیلەتی کلاسیکی نەریتی دەگەڕێن.[133] کەسانی دیکە بەشوێن زانینێکی عیرفانی لە نێو پێکهاتەکانی بیرکردنەوە و گوتاردا دەگەڕێن. لە ئەنجامی ئەم کارەدا ئەوان بەشوێن دۆزینەوەی پرسی ئیلاهیدا نین بەڵکوو دەیانهەوێ ئیرادەی مرۆڤ بۆ دەسەڵات بدۆزنەوە؛ بە بێ ئەوەیکە ناسینێکیان هەبێت کە چی بەکار بەرن کە ئایرۆنیک [توانجاوی] نەبێت. بە پێچەوانەوە، ئیسلامیستەکان زۆر بە دڵنیاییەوە باسی ئیسلامۆفۆبیای پێکهاتەیی[134] دەکەن بەڵام لە هیچ ڕوویەکەوە پێکهاتەخواز نین. هەروەها ئەوان [ئیسلامخوازەکان] بە گشتی نائایرۆنیکن. ئەوان لەو باوەڕدان کە خۆیان بە شێوەیەکی خودایی و پێشوەخت ئیلهامیان پێ کراوە و نەک بە گومانێکی ڕادیکاڵ بەڵکوو بە باوەڕێکی پتەو و موتڵەق لەم ڕێگەدا هێزمەندن. نیچە، داوای پڕ کردنەوەی بۆشاییەکی ئەخلاقی دەکات کە لە دووای مەرگی خودا خولقاوە؛ ئەویش لە ڕێگەی زێدە مرۆڤانەکردنی هەمووشتێک. بۆ ئیسلامخوازەکان، خۆ تەسلیم کردن بە **ئیلاهیاتێکی پرسیار لێ نەکراوی نەناسراو** خزمەت بە هەمان ئامانجی هاوشێوە دەکات.[135]

ئەمە کێشەیەکی گەورەیە. لەوە دەچێ پۆست-مۆدێرنیستەکان، تیۆریستە ڕەخنەگەرەکان و ئیسلامیستەکان لەم گریمانەدا هاوبەش بن: «چوارچێوەیەکی فکری جیهانیکراو بۆ سەرچاوەهێنان و دروستکردنی هەستێکی زێدەڕۆیانەی هەبوونی قەیران؛ دوو واتاییەک لە نێو پەیوەندی لەگەڵ مۆدێرنیتە... دەسبەسەرداگرتنێکی دووبارە و هەڵبژاردەیی ڕابردوو، تێکەڵکردنێک لە کەلتوورەکانی سەرەوە و خوارەوە و ڕەد کردنەوەی هەموو جۆرە پاساو یان چارەسەرییەکی سەروو-دیسکۆرس [meta-discourse]».[136] بەڵام ڕەخنەی چەپی پۆست-مۆدێرنی خۆرئاوایی لە عەقڵانیەتی ڕۆشنگەری و بەکاربردنی بێگانە و کەڵکاژۆخوازامنەی دەوڵەتی پناپتیکان [جۆرێک لە سیستەمی کۆنترۆڵ] هاوڕایە

لەگەڵ «بەدگــومــانییەکی ڕادیکاڵ لە بــنەڕەتــخوازیی و هەمــوو مــانــاکان لە حەقیقەت.»[137] ئەوەی بۆ ئیسلامیستەکان خاڵێکی سەرەکییە: «باوەشگرتنەوەیەکی دژە-هێرمێنیۆتیکە بەرەو بنەڕەتە موتڵەقەکان [واتە بنیاتەکانی دین و شەریعەت ڕاڤە و لێدوانی جۆراوجۆر هەڵ نـاگـرێت].» یەکەمیان [چەپی پۆســت-مۆدێرن] ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی وەکوو بەرهەم و دەسـتەبەرکراوێکی مـاتێریاڵی دەبینێت و دووەمیان بە: فۆرمێکی جەستەیی کراوی ئیسلام ناوی دەنێت.[138]

هەر دۆخێک گــرفتی تــایبەت بە خۆی درووســت دەکات. یەکەمیان نەک هە دەتــوانێ بــنەڕەتەکانی مەعـریفەیەک بەڵکوو ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ گەڕان بە شـوێن ئۆتۆپیایەکی سیکۆلار تێک بـدات. دووەمیان دەتوانێ بەشوێن داسەپاندنی زۆردارییەکی مەعـریفەنـاسانەی تیۆکراتیک [ئایینی] بێت وەک ئـانـابـاپتیستەکانی مـونسـتێر.[139] کاتێکە ئەم دوو پڕۆژەیە بۆ هێرش کردنە سەر لیبراڵ دیمۆکراسی یەک دەگرنەوە، ئێمە ڕووبەڕووی مەترسیی لەناوچوونی هەموو شتێکی بەهادار لە نێو میراتی ڕۆشنگەری دەبینەوە. مەبەسـتی مـن لێرەدا ئەوەیە کە چۆن ژیان هەڵدەبـژێرین و چۆن بـوونی خۆمـان ڕاڤە دەکەین؛ واتە فکری ئـازاد و سەربەخۆ، تۆلێرانـس و فـامی لۆژیکاڵ لە ئـاڵۆزیی پـرسەکان و کەرەسـتەکانیی گۆڕینی هەمـوو ئەم شـتانە بۆ بـاشـتر کردنیان لە ڕێگەی گفتگۆی عەقڵانی  و گشـتی و ڕەزامەنـدی دیمۆکراتیک بە جێی لێکپچڕانی مەعریفی.[140]

بێ شک ڕێکخستنی لیبراڵ کەموکوڕی خۆی هەیە. ڕەنگە ورووژاندنی باس لەسەر ئیسلامۆ-لێفتیزم بە بێ ئەوەیکە پێناسەکەی ڕوون کەینەوە کە چییە و کێیە یاریدەر نەبێت.

هەروەهـا کە ڕۆشـنگەری و دەرەنـجامەکانی لە ڕەخـنە گـرتـن پـارێزراو نین. بەڵام نەک ئیسلامیزم و نەک تیۆریستە ڕەخــنەییەکان چــارەسەرییەکی ڕازیکەریان پێ نییە. ئەوان خــوازیاری جێگۆڕکێ بە ڕێکخستنی هەنــووکە و سڕینەوەی بنیاتە مێژووییەکان و یادگەکەیین. هیچکامیان لەوان لە بەرانــبەر جیاوازی بیر و بــاوەڕ تۆلێرانسیان نییە و پــشوودرێژ نین. هەر یەک بــاوەڕێکی نــزیکەو کاڵوینیستییان سەبــارەت بە "هەڵبژاردن" هەیە و بەڕاستی نیگەرانکەرن.

له ساڵی 1962 پێغەمبەری تاریک، کارڵ شمیت دوو وتاردانی سەبارەت بە تیۆری پارتیزان پێشکەش کرد.[141] شمیت سەرهەڵدانی گرژییەکی شۆڕشگێرانەی ڕیشە داکوتیو لە نێو دەوەڵەتاندا پێناسە و لە ئاستی ڕەوتی بڕیاردەری سەردەم ناونا، و پێشبینی کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی سێسەدساڵەی سیاسی و یاساناسانەی ئەورووپا و گۆڕینی گرژی نێوان نەتەوەکان بۆ گررژی ناوخۆیی کردبوو. ئەو لە وانەی کۆتاییدا بەم ئاکامە گەیشت: «تیۆری حزبی لە نێو پرسیاری پرسی سیاسی بەرەو پرسیاری دوژمنی واقعی و نوموسی زەوی دەچێت.»

ئەڵبەت ئەو ئەزموونی تاکەکەسی خۆی لە دوو شەڕی جیهانی و ڕۆڵی شەرماوی لە نێو زنجیرە ڕووداوگەلێکی کارەساتباری حزبی لە مێژووی ئاڵمانی بەکار برد. ڕەنگە ئەم ئەزموونگەلە بەرچاوڕوونییەکی تایبەتی پێ دابێت - هەر وەکوو ئۆدیپ لە کۆلۆنوس. ئەو کۆمیونیتارینیزمی ڕادیکاڵی ئەلقاعدە، دەوڵەتی ئیسلامی، حەماس و حزبوڵڵا و هەروەها ڕێکخستنی دەوڵەتی عەرەبی پێشبینی کردبوو. ئەو بە باشی دەیزانی کە هێرشێکی ئایدیالۆژیک لەسەر هەموو هێماکانی خەیاڵێکی کۆیی جۆراوجۆر -بەڵام ڕیشەداکتیو لەنێو کۆمەڵی نەتەوەیی- دەتوانێت کارێک بکات کە خەیاڵ بۆ وەها کۆمەڵگایەک لە هەر شوێنێک مەحاڵ بێت. ئەم جێگۆڕکێیە پێویستی بە مێژوو، بیرەوەری و شوێنی فیزیکال نییە بەڵکوو تەنیا نووسراوەیەکی ئایینی، هەستی پیرۆزییەکی موتڵەق و هەبوونی باوەڕێک بە جەبرێکی مێژوویی. ئەم ڕوانینە لیبراڵە کلاسیکە کە باسی یەکسانی مافی تاکەکان لە بەرانبەر یاسا دەکات ڕەد دەبێتەوە ئەویش بۆ لایەنگری لە گۆڕینی یەکسانی لە تاکەوە بەرەو گرووپگەلی زاتخواز-ناسنامەیی کە ئیدعاگەلێکی تاقی نەکراویان سەبارەت بە هیرارشییە نەگۆڕەکانی بەهاکان هەیە و هەروەها هەر جۆرە فۆڕمی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کە لەگەڵ ڕەوایی سیستەمی سیاسی کۆن دەگونجێ، ڕەد دەکەنەوە.[142] ئەمە هەر ئەو شێوازەیە کە لە سەرەتاوە گرووپە ئیسلامیستەکان شوێنکەوتووی بوون. ئێستا دەبینین کە ئەم مۆدێلە لەگەڵ دەرکەوتنی فۆڕمە جۆراوجۆرە دوژمنکارانەکانی گوتاری پلۆراڵیزمی کۆمەڵایەتی لە مەینستریم گەشە دەسێنێت و بڵاو دەبێتەوە. بە وتەی هابێرماس ئەمە بەرچاوهێنەری «شۆڕشێکی پۆست-مۆدێرن دژ بە مۆدێرنیتەیە، دژ بە ڕۆشنگەری لە بەرگی پۆست-ڕۆشنگەریدا.»[143] هەر شتێکی دیکە کە ئەو دووانە [ڕۆشنگەری و دژە-ڕۆشنگەری] لە یەک جیا دەکاتەوە ڕێک ئەو شتەیە کە ئیسلامیزم و چەپی پرۆگرێسیف-پۆست-مۆدێرن تێیدا هاوبەشن.

خالێکی کۆتایی هەیە، لە مانایەکی بنچینەییدا، دەکرێ چین [کڵاسی کۆمەڵایەتی] هەڵبسەنگێندرێت، بۆ نـموونە لە ڕێگەی ئیش، داهـات و خـوێندن. یان گـرنـگتر لە هەمـووان دەکرێ لە ڕێگە جـووڵانـدنی کۆمەڵایەتییەوە بکرێ لە چین یان کڵاسێک تێپەڕین. بەڵام فۆڕمە زاتـخوازەکانی نـاسـنامە تەنیا ئەگەری ئیدعـاکردنیان هەیە و ئەو فۆڕمـانە نەجـووڵ و دەسـتنیشانکراون: گەر تۆ سـپییت واتە هەمـووکات تۆ سـپیت و خـاوەن مـافی تـایبەتیت و هەروەهـا نەژادپەرسـت و سـتەمکاریت. گۆڕین نـامـومکینە و تەنیا تۆبەکردن ئەمێنێتەوە. گەر تۆ ڕەش یان موسڵمانیت، هەمووکات ڕەش یان موسڵمانیت؛ ئەمەش بە پێی پێناسەی سـپییەتی یان خۆرئـاوا کە عەقڵی کەرەسـتەیی کردووە بە ئـامـرازی سەردەسـتبوونی جیهانی، داڕێژراوە.[144]

لێرەشـدا پـرسەکە دانـاخـرێت، تەنیا بەرخۆدانە کە هەمیشەییە. و ئەم بەرخۆدانە بە شێوەی بـنەڕەتی مەعـریفییە، واتە شەڕێک لەگەڵ ئەو شێوەی کە ئێمە لە جیهان تێ دەگەین.[145] هەر بەم هۆیەوە بۆ ئەو کەسـانەی کە لێکسازانی سـابجێکتیڤیتەی هێگڵی، نـاسـنامەی کۆمەڵایەتی و بـاڵادەسـتی و ژێردەسـتی لە ڕێگەی روانینی ئـامـانجـداری ئەوانیتر ڕەد دەکەنەوە؛[146] لێرەدا ئۆتۆ-ئێتنۆگرافی گرنگی وەردەگرێت چونکە ئیدعـای نـاسـنامەیەکی خـود-گەڕانەوەیی هەیە کە هەمـووو جیهان دادەپۆشێنێت و لێپرسینەوە یان پێکبەسـتنی دەرەوەیی ڕەد دەکاتەوە. پێکهاتەی ئیسلامییانەی نـاسـنامەی زاتـخوازیی ئیسلامی، نـموونەیەکی بەرچـاوی ئەم مـانۆڕەیە. وە لەگەڵ خـولیای فـراوانی نـاسـنامەییکردنی لای چەپی هـاوچەرخ دەگونجێت. ئەمە ڕێک ئەو شوێنەیە کە تیۆریی ڕەخنەیی و ئیسلامیزم بە یەک دەگەنەوە.

دەتوانن ئەمە لە ئاکامی تەواو پارادۆکسیکاڵی کۆمەڵێک ڕوانینی بە ناو پرۆگرێسیڤ و هـاودڵییان لەگەل هەڵوێستە پـاشـبرۆیانەکانی ئیسلامی ببینی. (بۆ نـموونە سەبـارەت بە بێڕێزی بە شـتە پیرۆزەکان، نایەکسانی جێندێری و حجاب).[147] هەروەها دەتوانن ئەمە لە نێو تێروانینی هابەش سەبارەت ئیسرائیڵ، زایۆنیزم و جـووەکان بە گەشـتی وەکوو هێمای مۆدێرنیتەیەکی کاپیتاڵیستی هـار و خـراپکەر ببینن.[148] هەروەهـا دەتـوانـن لە نێو شێوەی مێتافۆرەکانی تیۆری ڕەخـنەیی لەسەر جیاوازیی بـوونـناسـانەی پـرسی

ئیسلامی کە تێڕوانین و خــوێندنەوەی نــائسیلامی بۆ خۆی نــاڕەوا و نــاتەواو پێناسە دەکات، ببینن.[149] پەیامەکە ڕوونە: بەم شێوەیە پـرسەکانی پەیوەنـدیدار بە ئیسلام و ئیسلامـخوازی لە دەرەوەی سـنووری ناموسڵمان، نائیسلامیست و هاوپەیمانانییەتی. بەم شێوەیە شێتییەک دەشاردێتەوە.[150]

ڕەنگە وا بیرمان کردبێتەوە کە پارچەپارچە بوونی کۆمەڵگا سیاسییە نەتەوەییەکان لە شوێنێکیی دیکە روو دەدەدات و ئێمەش دەتـوانین هەمـوو زیانەکانی قەرەبـوو کەینەوە. ئێمە لە هەر دوو نـموونەکەدا تووشی هەڵە بووین. ڕۆشنگەری کە بووە هۆی سازبوونی خۆرئاوای مۆدێرن، تاکخوازانە و عەقڵانی، لە ڕێگەی سیستەمــگەلی ئــازادییە،[151] کەسی، سیاسی و یاســاییەکان یەک ڕێنوێننامەی بۆ تەقینەوەی ئایدیالۆژیکی خۆی ئامادە کرد.

هەم ئیسلامیستەکان و هەم چەپ جۆرێک خۆرئــاوا دەکەنە زاتێکی نەگۆڕ؛ واتە زاتــسازیی لێ دەکەن. ئەوان لە مێتافۆرە هاوشێوەکانی خودی خۆرئاوا کەڵک بۆ پێشوازیی لە داڕووخاندنی وەردەگرن.[152] ئەوان وەکوو شمیت لە نێو یەزدانناسییەکی هەڵاواردندا(theology of exclusion) سەرقاڵن. لە کۆتاییدا هەر ناوێک کە پێتان گونجاو بوو لەسەری بنێن.  فەڕانسییەکان زۆرتر لە هەمووان لەم چەن ساڵەی رابرووەدا نیگەرانن.[153]

## بریتانیا و ئیسلامیستەکان

یەکەم نووسراوەی ئەم زنجیرەیە بە باسێک لەسەر ئیسلامۆ-لێفتیزم لە فەڕانسە دەستی پێکرد؛ وەکوو خاڵی سەرەتایی بۆ ڕوونکردنەوەی دژە-ڕۆشنگەری و پۆست-مۆدێرنیزم و ڕەچەڵەکناسیی ئەو شتەیکە وەها دەنوێنێت کە گوایە جۆرێک لە یەکگرتوویی لە نێوان ئیسلامیستەکان و چەپی ڕادیکاڵ بوونی هەیە. ئایا دەکرێ شتێکی هاوشێوە لە بریتانیاش ڕوو بدات؟

ناتوانێ ئیتر ڕووبدات؛ چونکە ڕوویداوە! لە ساڵی 2001 کەسایەتییە بەناوبانگەکانی ئیخوان موسلمین و حزبی کرێکارانی سۆسیالیست بە بۆنەی بەرەی دژە شەڕ و ناڕەزایەتی لە بەرانبەر دەستێوەردانی سەربازی خۆرئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکەوە کۆبوونەوە.[154] ڕەنگە لە کاتی خۆیدا ئەمە یەکگرتووییەکی نامومکین بە هەژمار بهاتایەت. بەڵام دوو دەیە دووای یەکەم خۆپیشاندان، ڕوون بووەتەوە کە ئەم یەکگرتوییە بنەمای دیاریکراوی هەیە. دەرکەوتنی حزبی ڕێز (Respect party) بە تایبەت لە زەمەنی ڕێبەرایەتی سەلما یەعقوب وەکوو پووشێکی سیاسی بوو بە دەم باوە. یەکێکی دیکە لە بڕیارە ورووژێنەرەکانی شارەوانی ئەو کاتەی لەندن -کەن لیڤینگستون- بەخێرهێنانی کەسایەتی ئایینی و خاوەن پێگەی ئیخوان موسلمین، یوسف ئەلقەرەداوی بوو. قەرەداوی لە دووایيدا و لە ساڵی 2008 بە بۆنەی پاڵپشتی لە بۆمبدانانی خۆکوژانە کە خەڵکی سیڤیلی بە ئامانج دەگرت، لە هاتنی دووبارەی بۆ بریتانیا ڕێگریی کرا.[155] بڕیارێکی حکومەتی کە ئەنجومەنی موسڵمانانی بریتانیا (MCB) دژی وەستایەوە.[156]

پێشتر نیشانەگەلی دیکە سەبارەت بە سەرلەنوێ پۆلێنکردنەوەی چەپ لە بریتانیا بوونی هەبوو. لە خۆپیشاندانەکانی دژ بە شەڕی ئیسرائیڵ لە لوبنان -ساڵی 2006 لە لەندن- پوستێر و بەنێرگەلی جۆراوجۆر بەرز دەکرایەوە کە لە هەندێک نموونە لەسەری دەنووسرا: **ئێمە ئێستا هەموومان حزبوڵڵاین.**[157] لە خۆپیشاندانێک کە لە ساڵی 2008 جێرمی کۆربن وتاری تێدا پێشکەش کرد، قسەکەرێکی دیکە ئەزام ئەلتەمیمی بوو کە پێشوازی گەرمی لێکرا و کاتێک گەیشتە مەیدانی ترڤاڵگر وتی: «ئەگەر ئەوان ژیانی ئێوە ڕەد دەکەنەوە لە ڕوومەتیاندا بتەقێنەوە، تا کاتێک کە فەڵەستین ڕزگار بێت تەنیا جیهاد و جیهاد بەردەوامە. ئەسەلاموعەلەیکۆم.»[158]

ئەڵبەت کۆربــن یارمەتی بنیاتی بۆ ڕاوەســتانی شەڕی دابــوو. ئەو لە ڕێگەی مــزگەوتی فێنزبڕی پــارک لە مەڵبەندی هەڵبژاردنی خۆی لە باکووری لەندن، لەگەڵ کەسایەتییە کاریگەرەکانی ئەنجومەنی موسڵمانانی لەنــدن (MAB) پەیوەنــدی گــرتــبوو. لە کۆبــوونەوەیکدا لە پــارڵمان لە ســاڵی 2009 ئەو لە ژێر نــاوی "هــاوڕێیانــمان" شــانــازی بە بــانگێهشتنامە لە لایەن حەمــاس و حــزبــوڵڵایەوەی کرد. لە ســاڵی 2014 لە ڕێوڕەسمی دانانی گوڵ لە تونس لەسەر کێڵی ئەندامانی سێپتامبری ڕەش -کە لە کۆمەڵکوژی مونیخ لە ســاڵی 1972 (و هەنــدێکی تــاوانی هــاوشێوەی دیکە) دەســتیان هەبــوو- بەشــداری کرد. کۆربــن دووایی ئیدعــای کرد کە تەنیا لەوێ بەشــدار بــووە و نەک ئەوەیکە پەیوەنــدی یان پــاڵپشتییەک هەبــووبێت.[159]

زۆربەی ئەم ئەنجومەن و ڕێکخراوە ئیسلامییانە بەهێز دەبوونەوە بەڵام کۆربن هەرگیز بە شێوەی ڕاشکاو و یەکلاییکەرەوە، ئەوان و چــالاکییەکانیانی ڕەد نەدەکردەوە. ئەم پــاڵپشتییە لەمێژینەی ئیسلامیستەکان لە ڕێبەرایەتی کۆربن و حــزبی کرێکاران و دەرکەوتنی چالاکوانە ئیسلامییەکان و ڕەنگدانەوەی لە نێو حــزب ئاسایی ببوویەوە.

لەو کاتەیەوە کێیر ســتارمــر جێگەی کۆربنی گــرتەوە، هــاوپەیمانی چەپی ڕادیکاڵ لە بــریتانیا لەگەڵ پــرسە ئیسلامییەکان هیچ نیشانەیەکی لاوازبــوونی پێوە دیار نەبــوو. بۆ نــموونە، هێرشی بەردەوامی حکومەت بۆ سەر پرۆگرامی ڕادیکاڵکردنی ڕێگریکردن و زۆربوونی سەرنج بە بانگەشەکانی بەربڵاو سەبارەت بە هەبوونی ئیسلامۆفۆبیا، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبــوو. زۆریەک لە وانەی بەشــداری ئەم بــابەتــانەن ئیدعــا دەکەن کە «هەم ڕێگریکردن و هەم ئەوەی پێی دەڵێن "ئــاســایشیکردن-ئەمنییەتیکردن"ــی مــوسڵمانــان دیسانەوە دەربڕینی جیاوازی هەمــان نەخۆشینی ئیسلامۆفۆبیایە.» لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی بــریتانیا لە بەشێکی بەرچــاوی گۆڕەپــانەکانی نــاکۆکی لە ڕۆژهەڵاتی نــاوەڕاســت، ئەوان وەک سیستمی کاریگەر و تــوانــای ڕێکخستنی ئەمنی خــزمەت دەکەن بەڵام نەک بە سەرنــج خســتنە سەر کردەکانی دەوڵەتی بــریتانیا لە دەرەوەی ســنوورەکان، بەڵکوو لەسەر بــانــگەشەی لەکارخســتنی ڕقــئەســتوورانە لە نــاوخۆدا. ئەمە مێتا-گێڕانەوەیەکی خاوەن جەمسەرە؛ بە تایبەت ئەمە لە نێو مەینستریم و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئاکادێمیا و بواری کەلتووری و مەڵبەندەکانی دیکەدا بڵاو بووەتەوە.

لە دووای ئەوەیکە حکومەتی دەیڤید کامـرۆن یاسـایەکی سەبـارەت بە ڕێگریکردن لە بڵاوبـوونەوەی ئەم دیاردەیە دەر کرد، گـرووپەکانی سەر بە ئیسلامـخوازەکان، واتە CAGE و MEND و **تۆڕی وەسـتان لە دژی نەژادپەرستی** کە گوایە لەگەڵ پارتی کرێکارانی سۆسیالیست[160] لە پەیوەندیدان، هاوپەیمانییەکی تایبەت و نـزیکیان پێکهێنا. لە درێژەی سـاڵانی 2016 و 2017، کەسـانێک وەک مـوعەزەم بەگ لە CAGE کە زیندانی پێشووی گوانتانامۆ بوو؛ و ئازاد عەلی، سەحەر ئەلفەیفی و دوکتۆر سیما ئیقبال -کە هەموویان لەو سەردەمەدا نـوێـنەرایەتی MENDیـان دەکـرد- لە بۆنەکـانی "وەسـتـان دژ بە نەژادپەرسـتی" لە میتینگەکانی سەرانـسەری وڵاتـدا وەک قـسەکەر چـالاکییان دەکرد.[161] لە هەنـدێک لەو میتینگانەدا کەسایەتییە بەرچاوەکانی حـزبی کرێکاران وەک دایان ئەبۆت و جێرمی کۆربـن بەشداربیان هەبـوو.[162] لە جەنیوەری2017 ڕێکخراوی MEND و "وەسـتان دژ بە نەژادپەرسـتی" بەهـاوبەشی ڕاگەیانـدراوێکیان بڵاو کردەوە کە تێیدا لەسەر "بۆچی دەبێت نـارەزایی دەربـبڕین" دووا بـوون. لە نێو بەشـداربـووەکانیدا ئـازاد عەلی، هینا خـالید، مـایکل مـانسفیڵدکیوسی و نـاوی ژمـارەیەک کەسایەتی بەرچـاوی یەکێتی قـوتـابیان و مامۆستایانی بەرچاو دەکەوت.[163]

هەروەها لە جوولای 2017 پارتی کرێکارانی سۆسیالیست کۆنفرانسێکی چوار ڕۆژی بەناوی **مارکسیزمی 2017** بەڕێوەبرد کە پانێلێک لەسەر ئیسلامۆفۆبیا و ژنان و پانێلێکی دیکەش لە ژێرناوی **کێشەی ڕێگریی و ئیسلامۆفۆبیا** پێشکەش کرد.[164] کەسەکان بریتی بوون لە ئازاد عەلی و سیما ئیقبال نـوێنەری MEND، موعەزەم بەگ ئەندامی CAGE، ئەمین هادی لە UNISO کە لە لایەن ناهێلا ئەشرەفەوە[165] سەرۆکایەتی دەکرا. ناهێلا ئەشرەف چالاکوانێکی بەرچاوی بزووتنەوەی دژی نەژادپەرستی و SWP بوو کە پێشوووتر لەسەر لیستی پـارتی ڕێز خۆی بەربـژێر کردبـوو.[166] ئـازاد عەلی لەوێدا ئیدعـای کرد کە سیاسەتی ڕێگریی، ئیسلامۆفۆبیای بە دامەزراوەیی و سیستماتیک کردووە. هەروەهـا پێشنیاری دانـوسـتانی کد وەک سیاسەتێکی ئالتێرناتیڤ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تێرۆریزم. عەلی باسی لە پێویستی «گفتوگۆکردنی سیاسی لەسەر بابەتەکە» کرد و بەڵگاندنی دەدا لەسەر ئەوەیکە «تێرۆر بە گشتی بابەتێکی سیاسییە» و ئەوانەی «جێبەجێی دەکەن هەنـدێک کێشەی سیاسییان هەیە» و گـوتی «پێویستە لە ڕوویەکی سیاسییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ.»

لەم دووایيانەدا بابەتی دەرکەوتنی موسڵمانان لە ميديا و تۆمەتی ئيسلامۆفۆبيا لە مەينستريمدا بووەتە خاڵی هاوبەشی چالاکوانانی چەپی توندڕەو و هەروەها ئيسلامی. فێستیڤاڵە میدیاییی و ڕۆژنامەگەرییەکانی بایڵاین لە ساڵانی 2017، 2018 و 2019 نەک تەنیا سەرنج و بایەخێکی بەرچاوی بە گرووپگەلێک وەک **نەمانی ژینگە** بەخشی، بەڵکوو لە کۆبوونەوەکانیشدا نوێنەرانی CAGE، MEND و MCB، بە سپۆنسەری و بە هاوکاری ڕاستەوخۆی MEND بەشدارييان کرد.[167] لە ساڵی 2018دا، بەشداربووانی فێستیڤاڵەکە دەیانتوانی چێژ لە چالاکی پەنێلەکان وەربگرن؛ لە ژێر ناوی "بە دێوەزمەکردنی موسڵمانان لە میدیادا" یان "درۆ و نەفرەت، سەردێڕەکان دەربارەی موسڵمانان – کێشەی ئیسلامۆفۆبیا لە ڕۆژنامەکاندا."[168]

هاوشێوەی ئەمە لە ساڵی 2020دا کاتێک بەرەی چاکسازی میدیای چەپی توندڕەو کۆنفرانسی فێستیڤاڵی دیمۆکراسیی میدیایی ئامادە کرد، یەکێک لە پرۆگرامەکان دانیشتنێکی لە ژێر ناوی "میدیا، نەژاد و ئایین: بێدەنگی و قۆچی قوربانی" لەخۆ گرت کە تێیدا "ڕەزوانە حەمید" بەڕێوەبەری سەنتەری چاودێریکردنی میدیا (CFMM) و "نارزەنین مەعسومی" ئاکادێمیست کە نووسینی لەسەر ئيسلامۆفۆبیا هەیە؛ بەشدارییان تێدا کرد.[169]

"ڕەزوانە حەمید" بۆ خۆی ئەندامی کومیتەی ڕاوێژکاریی بەرگری لە حەقیقەتە، کە گرووپێکی چالاکوانی تازەیە کە تێدەکۆشێت لە بەرانبەر بڕیارەکانی کۆمیسیۆنی **یەکسانی و مافەکانیی مرۆڤ** بەرەنگاربووەنەوە پێشان بدات، چونکە ئیدعا دەکات کە لە ژێر سەرکردایەتیی جێرمی کۆربن، یاسای یەکسانی بەهۆی ڕوانینی دژە-جووبوون لە پارتەکەدا، پێشێل کراوە.[170] کتێبی ساڵی 2017ی مەعسومی بە ناوی "ئیسلامۆفۆبیا چییە؟ نەژادپەرستی، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و دەوڵەت" لە لایەن چاپخانەی ڕادیکاڵی پلۆتۆ پرێس بڵاوکرایەوە کە لە لایەن دەیڤید میلێر و تۆم میلز[171] نوسیاری کرابوو. هەر وەک میلێر، مەعسومیش وتەبێژی **کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ئیسلامی** بووە کە پەیوەندییەکی چڕی لەگەڵ ئێران هەیە. مەعسومی لە کۆنفرانسی ئیسلامۆفۆبیا لە ساڵی 2016 ـی IHRC بە ناونیشانی "ژینگەی نفرەت و دەوڵەتی پۆلیسی" دەرکەوت و هەروەها لە کۆنفرانسی دێسامبێری 2019 لە ژێر ناوی "ئیسلامۆفۆبیا و

پـووکانەوەی فەزای کۆمەڵگای مەدەنی" وەک قـسەکەرێکی بەرچـاو ڕۆڵی هەبـوو.[172] IHRC هەمـووکات وەک شوێنێکی تێکهەڵکێش (ئینتێرسێکشناڵ) و خاڵێکی گرنگ بۆ بە یەکترگێشتنەوەی چالاکوانانی چەپی ڕادیکاڵ و ئیسلامیستە دژە-خۆرئاواکان ڕۆڵی گێڕاوە. لە کۆبونەوەی ساڵانەی ڕۆژی قودسی ئەم گرووپە لە لەندن، بە ئاشکرا ئاڵای حزبوڵڵا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی زیاتر بەکار دەبرا و هەروەها لە درێژەی میتینگەکاندا کەسایەتییە چەپەکانی وەک جان ڕێس، جۆرج گالۆوەی و جێرمی کۆربن وتاریان پێشکەش دەکرد.[173]

لە نێو دەســتەی بەڕێوبەرانی IHRC، دامەزرێنەر و سەرپـــرشـــتی لێکۆڵینەوە، ئـــارزو مێرالی، بە کەسێکی سەرقاڵ بە باسی پۆست-کۆڵۆنیاڵیزم و چالاکی دیکۆڵۆنیاڵ ناسراوە. لە ساڵی 2018دا، مێرالی نووسەری "کەرەسـتەکانی دژە-ئیسلامۆفۆبیا" بـوو کە لە ڕێگەی پـرۆگـرامی **مـافەکان، یەکسانی و هـاووڵاتیبوون لە یەکێتی ئەورووپـا** هـاوکاری و فـانـدی بۆ تەرخـان کرابـوو.[174] مێرالی لەو بەڵگەنـامەیەدا نـووسیویەتی «پەسەنـــدکـردنی بە پێـویـســتی وانەنـــامەی [پەیـرەوی خــوێـنـدن] دیکۆڵۆنیـاڵ لەلایەن بەشێک لە ئـاکادێمیاکانەوە» هەنـگاوێکی گەورەیە بەرەو پێشەوەیە، و جۆرێک دەسـتپێشخەرییە بۆ بـابەتـگەلی وەک "بۆچی وانەنـامەکەم سـپییە؟"، "بۆچی پـرۆفیسۆرەکەم ڕەش نییە؟"، "RhodesMustFall#"، ئەمە خۆی سەرەتای ڕەوتێکە بۆ "هەڵوەشاندنەوەی کۆلۆنیاڵیزاسیۆن" لە پرۆگرامی ئینگلیسیی لە زانکۆی کامبریج.

جـگە لە ئەنـدامی دەسـتەی سەرنـووسەری زنجیرە کتێبی "Decolonizing the Mind"،[175] لە دێسامبێری 2019 مێرالی لەگەڵ ئەنـدامی دەســتەی سەرنـووسەری ســانـدو هیرا، کە هــاوکاری تۆڕی نێودەوڵەتی دیکۆڵۆنیاڵ بـوو، کۆبـوونەوەیەکی IHRC ـــی بەڕێوەبـرد. ئەم کۆبـوونەوەیە لە ژێرِ نـاوی "دیکۆڵۆنیزەکردنی ژینگەنــاسیی"، "ئـانــاڵیزی دیکۆڵۆنیاڵی یاخیبوونی" لەخۆ دەگــرت و هەروەهــا ڕەخــنەی لە "بەهــاکانی ئەورووپاناوەندانەی [یورۆسێنتریکی]"[176] ئەو بزووتنەوەیەی گرت. لە ڕاپۆرتی IHRC بۆ ئەم کۆبوونەوەیە، هەروەها ڕەخنە لە "چەپی خۆرئاوای" گیراوە، لەسەر ئەوەیکە تەنیا دژە سەرمایەدارییە، لەکاتێکدا ئەوەی وا ئـاشکرا پێویستە ئەوەیە کە «بیروبۆچـوونە ئەورووپـاناوەنـدەکان کە بەرهەمهێنانی تێکنۆلۆژیایە دەبێت دیکۆڵۆنیزە بکرێت» و لە ڕێگەی گۆڕینی ڕادیکـاڵی سیسـتم، "کۆڵۆنیـاڵیـزم لە دوواڵیـزمی دێکـارتی ڕزگـــار

بکرێت." خــودی مۆدێرنیتە پرۆژەی «مەرگ و وێرانکردنی ژیان و زەوییە» و کاپیتاڵیزم وەک «پرۆژەیەکی کۆلۆنیالٚ و شارستانی» بوونی هەیە کە وێرانکەری «کۆمەڵگا و مرۆڤەکانە.»

یەکێک لە گــرووپە دیکۆلۆنیاڵەکان کە IHRC و ئــارزو مێرالی لە سەرەتــادا پەیوەنــدییان لەگەڵ هەبــوو بــزووتــنەوەی مــالکۆلــمئێکس (MXM) ـە کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی "بنیاتــنان بەرەو بەرەی نــوێی بەرخۆدانی دژە-ئیمپێریاڵیستی بـاشــووری جیهان لە بــریتانیا" بـوو.[177] لەم دوواییانەدا، گــرووپەکە لەگەڵ ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکانی پەیوەندیدار لەگەڵ بزووتنەوەی "ژیانی ڕەشپێستەکان گرنگە" تێکەڵ بوو. ئەم خۆپیشانــدانــانە لە مــانگی جــووئەنی 2020 لە لەنــدن بەڕێوەچــوو؛ ڕۆڵ و بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕاکێشانی سەرنج و ئەو ڕووداوانەی کە توندوتیژی لێ ئەبوویەووە گرنگ بوو.[178]
لە ساڵی 2015 میرالی بووە قسەکەری یەکەم کۆبوونەوەی MXM: فێستیڤاڵی فیلمی [مالکۆم ئێکس] کە لە حەوت شــاری بــریتـانیا بەڕێوەچــوو.[179] لە ڕیکلامی فێسـتیڤـاڵەکەدا لۆگۆی IHRC لەگەڵ لۆگۆی گرووپەکانی وەک پارتی ڕێز و ماڵپەڕی هەواڵی Pillars5 -نزیک لە ئیسلامیستەکان- بڵاو کرایەوە. لەوەش سەیرتر، فێستیڤاڵەکە بە فەرمی لەلایەن PFLP ستایش کرا و یەکێک لە قسەکەران لەیلا خالید ڕفێنەری فڕۆکەکەی ڕووداوی سێپتامبری ڕەش بوو.[180] ئەو گرووپ و کەسانەی دیکە کە وەک قسەکەر ڕیکلامیان بۆ کرابوون: نـوێنەری پارتی جـوتیارانی کرێکارانی کۆمۆنیستی پاکستان، نـوێنەرانی ZANU-PF، تـاوانـباری تێرۆری جێری مـاکلۆچـلەین، ملیا بـوئـاشیا، سەرۆکی یەکێتی خـوێندکارانی ڕەشـپێست و مـوسـا ئیبراهیم وەزیری پێشووی ڕاگەیانــدن و وتەبێژی مــوعەمەر قەزافی. ســاڵی دووایی، MXM وەک دامەزراوەیەکی پاڵپشت و هاوڕا بۆ کۆنفرانسی ئیسلامۆفۆبیای ساڵی 2016 ـی IHRC هەڵبژێردرا.[181]

لە ســاڵی 2014دا پێش بەڕێوەچــوونی MXM، ئەم گــرووپە کۆبــوونەوەیەکی بە نـاونیشانی "گــورزێک لە ئیمپراتۆریا: میرات و نـموونەکانی ڕزگـاری لە کۆلۆنیاڵیزمی نـوێ و سـپی سەروەری" بە ئەنـجام گەیانـد.[182] هەروەها ئاماژە کرا  کە ئەم چالاکییە لە لایەن IHRC سپۆنسەری و پاڵپشتی کراوە و "ئازرو مێرالی" وەک وتەبێژێک کە هەم نـوێنەرایەتی IHRC و هەم بـزووتـنەوەی مـالکۆمئێکس دەکات؛ بەشـداری کردوووە.[183] لە درێژەی وتــارەکەدا مێرالی ڕوو بە گــوێگران وتی «ئێمە دەزانین دوژمــن کێیە. ئێمە دەزانین کە ئەمە

خۆرئاوا و وڵاتانی ناتۆن.» هەروەها «دوژمنی ئێمە ئەو بنەمایەیە وا سپی سەروەری قبوڵە، یان خودی پێکهاتەی لیبراڵ.» مێرالی لەسەر گـــرنگی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران پێداگــری کرد و ئـــامـــاژەی دا کە «جیاوازییەکی گــرنــگ لە نێوان شۆڕشی ئێران و شۆڕشی ئیسلامی هەیە» و ڕوونی کردەوە کە لە ئێران وانەی زۆر گــرنــگ هەیە بۆ فێربــوون. بە تــایبەت لەسەر چۆنیەتی کارکردنی "ئــایدیالۆژیا" و «جۆری ئەو ئـایدیالۆژیایانەی کە دەمـانەوێت کاریان لەگەڵدا بکەین.» هەروەهـا ئەوەش دەخـاتە سەر کە حـزبـوڵڵا نـــموونەیەکی دیکەیە. هەرچەن مێرالی وتی کە نـــایهەوێ شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە "ڕادەبەدەر مەزن" پێشان بدات، بەڵام دەیشڵێت: «هێشتا یەکێک لە سەرکەوتووترین ڕووداوەکانە، -شۆڕشێکی گونجاوە- کە لە ماوەی 30 بۆ 40 ساڵی ڕابردوودا ئەزموون کردووە.»

یەکێکی دیکە لە قسەکەران کارلۆس مارتینێز بوو، کەسێک کە بۆ ڕۆژنامەی مورنینگستار دەنووسێت. مارتینێز باسی لە گرنگایەتی ئایدیالۆژیا کرد و پێش ئەوەی بڵێت «بەڵێ، خۆزگا بتوانین لەگەڵ دەوڵەتی بریتانیا شەڕ بکەین.» ئاماژەی بەوە کرد کە «چۆن شین فین [حـزبی سۆسیاڵیستی ئـایرلـند] و سوپای کۆماری ئیسلامی ئێران شەڕ لە دژی دەوڵەتی بریتانیایان تا بەرەو بنبەستبردنی دەوڵەت بەڕێوەبردووە.» مـــارتینێز گەڕایەوە بۆ سەر بـــاسی شۆڕشی ئێران و هـــاوکات کارتێکەری ئـــایدیالۆژیاکەی زەق کردەوە. «سەبارەت بە ئیسلامی ڕادیکاڵ، ڕوانین بەرەو هەژاران، دژە-ئێمپێریاڵیزم و دژە-زایۆنیزم بوونی.» دەکرێت هەمان شت سەبارەت بە گرووپێک وەکوو حزبوڵڵا بگوترێت. «ڕێکخراوێکی لوبنانی بۆ بەرخۆدان» کە «تاکە هێزی شەڕکەر لە جیهانـــدایە کە تـــوانیویەتی ئیسرائیڵ لە مەیدانی جەنـــگدا تـــووشی شکست بکات.» مارتینێز نێوی شۆڕشەکانی ڕابردووی وڵاتانی گرێنادا، کوبا، چین و ڕوسیای هێنا و گوتی بۆ دیتنی ئەمریکای لاتین، میراتی هوگۆ چاڤێز و هەروەها دەسکەوتەکانی قەزافی «زۆر شت هەیە کە دەتوانرێت لەم کاتەدا بگوترێت».

## بەکارهێنان و چەوتاندنی گوتاری تیۆری ڕەخنەیی

هەر بەو جۆرەی کە بە شێوەیەکی بەرین و تایبەت، فۆڕمێک لە گوتار توانایی ڕێکخستنی سیاسی هەیە بە هەمـــان شێوەش هـــاوپەیمانییەک بۆ دەرکەوتنی ئیسلامیزمی چەپ ڕووی داوە. دیارە کە لە ڕێگەی تۆڕێکی پەیوەنـــدی لە ئـــاکادێمیست و چـــالاکوانـــانی کۆمەڵایەتی، ڕەوتی شکڵپێدان بە ئـــایدیالۆژیایەکی

هـایبرید و چەن ڕوو دەسـتی پێ کردووە. ئەمە لێکهەڵکێشانی سیاسەتی شـونـاسی (identity politics) کۆمەڵـگەپێـوەرە، کە هەر ئەوەنـــدەیکە بە شێـوەیەکی ڕکـابەرانە بە ڕووی دەرەوەدا پۆســـت-مۆدێـرن و پۆست-کۆلۆنیاڵە لە ڕووی ناوەوەی خۆیدا بە شێوەیەکی ئیسلامیست دەمێنێتەوە.

نمونەی نوێتر دەتوانرێت لە لاپەڕەی هەندێک نووسراوە بدۆزرێتەوە؛ وەکوو کتێبی "من مەحکومکردن ڕەد دەکەمەوە: بەرگـری لە بەرانـبەر نەژادپەرسـتی لە سەردەمی ئـاسـایشی نەتەوەییدا"، کە لەلایەن عـاسـم قـورەیشی، سەر بە بنیاتی ئیسلامی CAGE نـویسیاری کراوە، بەڵام لەلایەن چـاپـخانەی زانکۆی مـانچسـتر بڵاو کراوەتەوە.[184] فەهـاد ئەنساری یەکێک لە نـووسەرانی بەشـدار لە هەڤپەیڤینی دووای بڵاوبوونەووەی کتێبەکە دەڵێ: «گەورەتـرین کێشەی ئێمە بەرخۆدانە دژ بە چـاوەڕوانی بۆ ڕەدکردنەوەی ئەو تـاوانـانەیە کە هیچ پەیوەنـــدییەکیان بە ئێمەوە نییە؛ تەنیا ئەوان [تـــاوانـــباران] خۆیان وەکوو ئێمە لەگەڵ ئـــایینێکی یەکسان پێناسە دەکەن.»[185] ئەم هەڤپەیڤینە بە وتـارێک بە ناونیشانی "موسڵمانەکان چۆن بە ڕەدکردنی نکۆڵی لە تێرۆریزم ئیسلامۆفۆبیا تووشی کێشە دەکەن" کەوتە بەردەس خوێنەران.

چەمکی کردار-نـمایش [performative] لەو کتێبە و وتـاری دیکەدا ئـامـاژەی پێ دەکرێ و بە شێوەیەکی فـراوانیش بەکار دەبـرێ. لە سەرەتــادا چەمکی کردار-نــمایش لە کۆمەڵگەی ئینگلیسیزمـان و بە بۆنەی نـووسـراوەکانی جـودیت بـاتلێر، تیۆریستی کوییر فێمێنیستی ئەمریکایی پەرەی سەنـد؛ ئەو ئیدعـای دەکرد کە جێندێر [یان ڕەگەز] تەنیا دیاردەیەکی کردار-نـمایشە. بەڵام ئەم چەمکە و مەبەسـتی مـانـاییەکەی لە شوێنگەلی دیکە و لە نێو نووسراوەی کەسانێکی وەکوو ژان فرانسوا-لویتار و ژاک دێریداش دەدۆزرێتەوە. ئیسلامخوازەکان و هاوپەیمانانیان سوودیان لە چەمکە وەرگرتووە تاکوو بڵێن کە بێگانەیی موسڵمانان لە وڵاتانی خۆرئاوایی ڕیشەی لە پێکهاتە و گوتارە ئیسلامۆفۆبیکەکانەوە وەرگرتووە کە بەردەوام بووەتە هۆی ئەنجامـدانی هەنـدێ ڕەفـتاری نـمایشی لە بەرانـبەر ئەو پێکهاتـانەدا. لە هەنـدێک کاتیشدا لەم چەمکە بۆ سەرکۆنەکردنی دەوڵەتــانی خۆرئـــاوایی کەڵک وەردەگیرێیت تـــاکوو پێشانی بـــدەن کە دژایەتی زاتی ئەم دەوڵەتـانە لەگەڵ موسڵمانان و کەمینەکانی دیکە، بەم شێوە کردارە نمایشییە دەشاردرێتەوە. بۆ نموونە کاتێک بـــاس لە ڕێگریکردن لەو ئـــایدیالۆژیانەی کە  لایەنــگری تـــونـــدوتیژییە دەکات ئەوان دەڵێن ئەمە دژایەتی کردار-نمایشی دەوڵەتە لەگەڵ موسڵمانان.

لە کاتێکدا کە بەکاربــــردنی ئەم جۆرە دەربڕینە لە لایەن ئـــاکادێمیست و شـــرۆڤەکارانی نـــزیک لە بیری ئیسلامی سەرنجڕاکێشە، ڕەنگە بە هەمان شێوەش سەرنجڕاکێش بێت کە  بانگەشەکانی تیۆری ڕەخنەیی لە نێو هەندێک بەڵگە وەکوو ڕاپۆرتی ساڵی 2018 سەبارەت بە پێناسەی موسڵمانانی بریتانیاییدا لەسەر ئیـسلامۆفۆبیا، دەردەکەوێ. ئەو ڕاپۆرتە بـــاس لە "ســـروشـــتی ئینـتێرسێکـشـناڵی ئیـسلامۆفۆبیا"، "ئیسلامۆفۆبیای جێندێری"، "میکرۆ-تـونـدوتیژی"، "تەجـربەی ژیاو"، "هەبـوونی گێڕانەوەی بـاینێری لەسەر مۆسڵـــمـــانـــان لە نێـــو میـــدیـــادا"، بە پـــرسکـــردنی "مـــوسڵـــمـــانێـــتی" و هەروەهـــا بـــاسی بە ڕەگەزیکردن(racialisation) و بە ئەوێترکردنی مـــوسڵمانـــان لە نێو وەبەرچـــاوهێنانەوەی ئیسلام وەکوو نـاسـنامە دەکات. ڕاپۆرتەکە بەڵگەکانی ئـاکیلا ئەحـمەد، سەرۆکی لێژنەی دژ بە نـفرەت لە مـوسڵمانـان دەخـاتە ڕوو. بە پێی بەڵگەکانی ڕاپۆرتەکە، ئەحمەد جەختی لەسەر "سروشـتی پێکهاتەیی ئیسلامۆفۆبیا" کردووەتەوە کە وا دەگوترێت پەیوەندی بە "هەموو لایەنەکانی ژیانی موسڵمانێکی نیشتەجێی بریتانیاوە هەیە."[186]

لە مـارسی سـاڵی 2021دا ئەنـجومەنی مـوسڵمانـانی بـریتانیا ڕاپۆرتەکەی خۆی سەبـارەت بە هەوڵەکانی APPG بڵاوکردەوە کە بە هەمـان شێوە، ئەدەبیات و تێرمینۆلۆژی تیۆریی ڕەخـنەیی ڕەگەزی نـوێنەرایەتی دەکرد. ئەم ڕاپۆرتە ئاماژە بە "بەئەویترکردنی پۆلێنبەندیکراوی موسڵمانان لە بریتانیا" و "ئاساییکردنەوەی گــوتـــاری ئیسلامۆفۆبیک" دەکات و دەیشڵێت: «تــاکەکان لە بەردەم سەرکوتی زۆر و فــرەڕەهەنـــدان کە دەکرێ یەکتر دابپۆشـن.» کەواتە «لە کاتی وردبـوونەوە لەوەیکە ئـایا کەسێک ڕووبەڕووی ئیسلامۆفۆبیایە یان نـــا،  تێروانینێکی ئینتێرسێکشناڵ (تێکهەڵکێش) پێویستێتی خۆی دەنـــوێنێت.» لە شـــوێنێکی ئەم ڕاپۆرتەدا بەڵگاندنێک دەکرێ کە "پێناسە و دیتنی ئیسلامۆفۆبیا تەنیا لە ڕوانینێکی ئایینیەوە" ئاستەنگ و گـرفتی خۆی هەیە. «لە کۆمەڵگاگەلی سێکولا ڕەخـنەگـرتـنن لە ئـایین وەکوو کردەیەکی تەنـدروسـت و پێویست دەبینرێت؛ ئەم ڕوانینە تێگەیشتنێکی بەرتەسک لە ئـــازادی ڕادەربڕینی لەگەڵە و چـــاوپۆشی لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات دەکات.» هەروەها بەڵگاندنەکانی ئەم ڕاپۆرتە ئیدعا دەکات کە «گوتارگەلێک وا پێشکەوتـنخواز دەنـوێنن» و ڕیشە نـالیبراڵەکانی هەنـدێک لە فۆرمە تـایبەتەکانی ئیسلام زەق دەکەنەوە، خۆیان نـالیبراڵن. لە حـاڵێکدا ئەم گـوتـارانە «نـموونەگەلێک لە نیو-ڕەیسیزم(نەژادپەرسـتیی نـوێ) یان

جۆرێک نەژادپەرستیی کەلتوورین و کۆڵۆنیاڵیزمی ئۆرێنتاڵیستی(ڕۆژهەڵاتناسانانە) بەرهەم دەهێننەوە؛ ئەمە شوێنێکە کە بە ڕاشکاوەیی جیاوازی خۆرئاوای سپی پێستی ئەورووپی-مەسیحی لەگەڵ ئەوانیترەکانی بە نەژادکراوی، ڕوون دەبێتەوە.»[187]

ئەم گوتارە لە نێو بەیاننامەگەلی دیکەش کە لە لایەن ئەنجومەنی موسڵمانانی بریتانیاوە بڵاو دەبێتەوە دەردەکەوێ. بۆ نموونە وتەبێژی ئەم ئەنجومەنە ڕاپۆرتی کومیتەی "نایەکسانی نەژادی و ئێتنیکی" حکومەت کە لە مارسی 2021 بڵاو بووەیەوە، ڕەد کردەوە و ئیدعای کرد کە نووسەرانی ئەم ڕاپۆرتە بە پێی «پێکهاتەکانی نەژادپەرستیی دامەزراوەیی» دەنووسن و نەک ئەم جۆرە کارە یارمەتیدەر نییە بەڵکوو زیاتر «خزمەت بەو کەسانەی کە پرس و کێشەبوونی نەژادپەرستیی ڕەد دەکەنەوە دەکات.»[188]

هەر ئەو جۆرەیکە بینیومانە و لە ڕاپۆرتەکانیش باسکراوە، کۆنفرانس و کۆبوونەوە گشتییەکان ماوەیەکی بەرچاوە کە دەرفەتێکی گونجاویی بۆ ئاکادێمیستەکانی نزیک لە فکری چەپ و چالاکوانە موسڵمانەکان ڕەخساندووە. ئەم کۆڕ و کۆبوونەوانە بە شێوەیەکی فراوان گوتارێکی هایبریدی تیۆری ڕەخنەیی و ئیسلامیزم گەشە پێ دەدەن. لە مارسی 2021 ، "ناوەندی ئیسلام و کاروباری جیهانی (CIGA)" لە زانکۆی زەیمی ئەستەنبوڵ، سێیەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی لەسەر ئیسلامۆفۆبیای بەڕێوەبرد. لە ساڵیی 2022 پاڵپشتانی ئەم کۆنفرانسە بریتی بوون لە گرووپێکی بریتانیایی (CAGE) و هەروەها بەرەی "هاوپەیمانی بۆ ئازادییە مەدەنییەکان" لە ئەمریکاوە. چافیکا ئەتالایی، ئەندامێکی گرووپی دژە ئیسلامۆفۆبیا لە فەڕانسا (CCIF)، دەیفید میلێر لە زانکۆی بریستۆڵ و فەرید حافز[189] لە زانکۆی ساڵزبورگ، بە بەڕێوبەرایەتی زانکۆی جۆرجتاون وەکوو قسەکەرانی کۆنفرانسەکە بەشدارییان کرد. فەرید حافز ئاوا خۆی ناساند: «لێکۆڵەرێکی ڕەخنەیی کە نەژادپەرستیی شیدەکاتەوە، حەقیقەت بە دەسەڵات دەڵێ و نوێنەرایەتی پەراوێزخراوان دەکات.»[190]

سەرنجی ئەم کۆنفرانسە لە سەر بابەتی "شەڕ لەگەڵ تێرۆریزم"دا بوو؛ ئەمە دەرفەتێکی باشی بە بەشداربووان دا تاکوو هێرش کەنە سەر سیاسەتەکانی حوکمەتی بریتانیا لەم بوارەدا؛ واتە ئەو سیاسەتانەی کە " دژە-پاوانخوازی" و "دژە-تێرۆریزمن." ئەو شتەیکە جێگەی سەرنجە و پێویستە چاوپۆشی لێ نەکرێت ئەدەبیاتی تیۆری پۆست-کۆڵۆنیاڵستییە کە ڕێکخەرانی ئەم کۆبوونەوەیە

کۆنفرانسەکەیان پێ لە قالب دابوو.[191] ماڵپەڕی CIGA ڕوونی دەکاتەوە کە ئێستا ئەم کۆنفرانسە «لە تیۆریزەکردنی ئیسلامۆفۆبیا بە پێی دەمارگرژیەکی ئایینی لە ئاستی تاک و کۆی تێپەریوە» و بەڵگاندن دەکات لەسەر ئەوەیکە «بە بۆنەی لاوازیی دەسەڵاتی ئەمریکا» دەبێ لە ئیسلامۆفۆبیا لە «بەستێنی هیرارشی نەژادی-جیهانی کە دەیهەوێ کەرەتێکی دیکە نەزم و ڕێکخستنی داهاتووی جیهان بنیات بنێتەوە، تێبگەین.»

CIGA هەروەها بانگەشە و ئیدعای دەکرد کە «دارشتنی سیاسەتی پەیوەندیدار بە سروشتی کۆمەڵایەتی-سیاسی، زۆربەی جار بۆ داپۆشینی ئامانجەکانی دەسەڵات کەڵکی لێ وەردەگیرێت.» هەروەها دەڵێت «بازرگانی [بازاڕی] ئازاد بۆ هێزە کۆڵۆنیاڵیستەکان بیانوویەکە بۆ فرۆشتنی مادده هۆشبەرەکان و نزیکبوونەوە لە چین»، هەر وەک لە ئەمریکای هاوچەرخ "شەڕ لەگەڵ مادده هۆشبەرەکان" بوو بە هۆی «زیندانیکردنی بەکۆمەڵی ئەمریکاییە بە ڕەچەڵەک ئەفریقییەکان لە درێژەی چوار دەیەی ڕابردوودا.» بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی CIGA ئەمانە نموونەگەلێک لەو سیاسەتانەن کە بە «ناوی دڵنیایی ئەخلاقی بانگەشەی بۆ دەکرا، بەڵام دەرەنجامەکانی نایەکسانی زۆرتری بەرهەم هێنا»؛ کەواتە ئەم کۆنفرانسە ئامانجی «پەراوێزخستنی شەڕی جیهانی دژ بە تێرۆریزمە» کە لە ژێر ناوی "سیاسەتی نێونەتەوەیی بۆ ئاسایش و ئاشتی" خۆی دەردەخات؛ بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە «زمان و مێتۆدی دامەزراوەیی دژ بە موسڵمانان و کۆمەڵگاکانی دیکەی جیهانە کە لە ژێر ئەو سیاسەتە نێونەتەوەییەدا دەشاردرێتەوە.»

یەکێک لە قسەکەرانی بەرچاوی دوو کۆنفرانسی نێونەتەوەیی پێشووی CIGA لەسەر ئیسلامۆفۆبیا، سەلام سەیید، مامۆستای خاوەن کورسی لە بواری تیۆری کۆمەڵایەتی و ئەندێشەی دیکۆڵۆنیاڵ لە زانکۆی لیدز بوو.[192]

کارەکانی سەیید خاڵێکی گرنگ و باسێکی یەکگرتووانەی پێشکەش کرد: ئەوە فورموڵبەندییەکەی سەیید بوو کە توانی ببێتە بنەمایەکی جدی بۆ پێناسەی ئیسلامۆفۆبیا؛ بنەماکەی ئەو لە لایەن APPG سەبارەت بە موسڵمانانی بریتانیا کەڵکی لێ وەرگیرا و بەکاربرا. سەیید هەروەها وەکو هاونووسەر، پێشوتاری ڕاپۆرتی دووایی MCB نووسی.[193]

پێشووتر سەیید لە چەن کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ئیسلامی وەکوو وتاربێژ بەشدار بووە[194] و لەم دواییانەشـــدا وەکوو قـــسەکەری سەرەکیی کۆنفرانـــسە نـــوێکەی ئەم کۆمیسیۆنە کە لە زانکۆی ئیدنبورگ بەڕێوەچوو بەشداریی کرد.

"مـوتـاڵای ئیسلام و مـوسڵمانـان لە ژێر سێبەری شەڕ لەگەڵ تێرۆریزم: ئـاڵۆزی، گەڕانەوە و مێتۆدگەلی دیکۆلۆنیزەکردن" ئـامـادەکاری بۆ کۆنفرانسێک بەم نـاونیشانەی سەرەوە بۆ جـووئەنی 2021 کرا، عـاسیم قـــرەیشی لە CAGE و هەنـــدێک قـــسەکەری دیکە کە پێشوتـــر لە کۆنفرانسی ئیسلامۆفۆبیای CIGA بەشداربوون؛ وەکوو خەدیجە ئیڵشیاڵ، کەسێک کە وەکووو نوێنەری زانکۆی حەمید بن خەلیفەی قەتەر و زانکۆی ئێدنبورگ بانگهێشت کرابوو.[195]

ڕێکخەرانی ئەم کۆنفرانـسە بە هەڵبژاردنی گـوتـاری پۆسـت-مۆدێرنی تیۆری ڕەخـنەیی ئیدعـا دەکەن کە «شەڕ لەگەڵ تێرۆریزم، پێکهاتەگەلی ئۆرێنتاڵیستی سەبـارەت بە مـوسڵمانـان وا لە ڕێگەی بەرهەمێنانی زانینی ئاکادێمیک پاڵپشتی دەکرا، دیسان ورووژاندووەتەوە» و گوتاری ئۆرێنتاڵیستی «بە پێی هەلومەرجی خۆی»، لێکۆڵەرانی ڕووبەڕووی "ئــاســایـشییـکـردنەوەی" کۆمەڵـگـا مـــوسڵــمـانەکـان و "تێڕوانیـنە ئۆرێنتاڵیستییەکان" کردووەتەوە. کۆی ئەم ئاسایشیکردن (ئەمنیکردن) و تێڕوانینانە، جووڵێنەری فۆڕمێکە لە «بەرهەمهێنانی زانین لەسەر ئیسلام/مـــوسڵمانـــان.» ئەو نـــووسەرانە هەروەهـــا دەڵێن سەرەڕای «ئـاسـایشیکردنەوەی سیاسی ئیسلام»، «ڕێژەی ئەو لێکۆڵەرانەی کە هەوڵ ئەدەن بە دەنگی مـوسڵمانـان بکەریی ببەخشن و جیهانبینی و مەعریفەناسییە ئیسلامییەکان پەسەند بکەن، زۆرتر دەبێت.»

لە کۆتـاییدا، ئەم کۆنفرانـسە ئـامـانجی خۆی ئـاوا کورت دەکاتەوە کە: بـزووتـنەوەی دیکۆلۆنیاڵیزەکردنی وانەنـامە لە زانکۆکانی بـریتانیا چۆن دەتـوانێت کەسـانی ئـاکادێمیک بەتـوانـا بکات تـاکوو «لە ڕێگەی ئەو بـزوێنەرە دەروونیانەی نێو مـوتـاڵای پرسی مـوسڵمانـان و ئیسلام -لە نێو هەر بـوارێکی زانسـتی مـرۆیی و کۆمەڵایەتیدا- بۆ قۆنـاخی سەرتـر تێپەڕ بـن.» سەردێڕی بەرنـامەکانی کۆنفرانـسەکە بـریتی بـوون لەم نموونانە: "ئەفسانەی سەلەفی-جیهادی"، "ڕەخنەیەک لەسەر گێڕانەوەی خۆرئاواناوەند"، "گەشتی ئیسلام لە نێو ئـــاکادێمیا: دیکۆلۆنیاڵیتە، ســـابجێکتیڤیتەی مـــوسڵمان و بەرتەسکییەکانی کاتێگۆرییەک"،

"پێــشەکییەک بۆ دیکۆڵۆنیــزەکــردنی نـــاسیــنی ئیــســلام: پێــچەوانەکــردنەوەی سۆنـــگە و ڕاهێــنــانی ئینتێرسێکشناڵیتە"، "دیکۆڵۆنیزەکردنی پیاوی موسڵمان: هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتە زاڵەکان."

هەروەها سەلمان سەیید لە ڕێکخستنی بەرنامەیەک[196] بە ناونیشانی "ڕێگۆڕینەوە بەرەو پۆست-خۆرئاوا: یەکەم کۆنفرانسی مـوتـالاتی ڕەخـنـەیی مـوسڵمـانـان" هـاوکاری کرد. "ڕێگۆڕینەوە" نێوی گۆڤاری مـوتـالاتی ڕەخـنـەیی مـوسڵمانانە کە لە لایەن لقێکی چاپەمەنی پلۆتۆپرێس بڵاو دەبێتەوە.[197] کۆنفرانسی مـوتـالاتی ڕەخــنـەیی مــوسڵمانــان بڕیارە بە میوانــداری نــاوەنــدی مــوتــالاتی ئێتنیکی و ڕەیسیزم لە زانکۆی لیدز بەڕێوەبچێت؛ ئەم کۆنفرانــسە لەوەپێش ڕایدەگەیێنێت کە "پــارادایمی خۆرئـاوایی بەرهەمهێنانی زانســت سەبارەت بە کۆمەڵگا، مێژوو و کەلتووره ناخۆرئاواییەکان" تاوتوێ دەکات. "هەروەها ئیدعا دەکات کە ئەم هەوڵانە «لە لایەن لێکۆڵەرانێکەوە دەدرێت کە ڕوو بە بــنبەســتی پــازێتیڤیزم و پــرێسێنتیزم(لێکدانەوەی ڕابــردوو بە پێی ئێستا) و هەروەهــا ئەو بــنەمــایە مەعــریفیانەی کە بەشێک لە جیهانــسازیی ئەورووپــایە دەوەســتنەوە»؛ بە پێی لێکدوانەوەکان یەکێک لە ئــامــانــجەکانی ئەم کۆنفرانــسە کۆکردنەوەی پــارەی یارمەتییە(سکالێرشیپ) بۆ ئەو خــوێندکارانەی کە «پێویستیی دیکۆڵۆنیزەکردنی مەعــریفی(ئێپیستمیک) دەناسنەوە.»

تـاکوو ئێستا بـانگهێشتنامە بۆ وەرگرتنی وتـارگەلێک بۆ نـموونە لەسەرر ئەم مژارانە بڵاو بووەتەوە: "سـپی سەروەری و دوژمـــنەکــانی"، "بەرخۆدانە دژە-کۆڵۆنیــاڵەکــان و ڕێکــخــســتــنی ئیــســلامی"، "نەژاد و ئەورووپاناوەندی"، "یەکدەنگی و شۆڕشی باشوور(مەبەست باشووری جیهان)"، "دادپەرەوەری جێندێری و ئێنتێرسێکشناڵیتەی دیکۆڵۆنیاڵ"

ئەمـانە بەشێک بـوون لە نـاوەڕۆکی مـوتـالاتی ڕەخـنـەیی مـوسڵمـانـان و گۆڤارەکەیان. هەر بەو شێوەیکە دەستەی نووسەران لە مانیفێستە بڵاوکراوەکەی خۆیاندا ئاماژە دەکەن: «"ڕێگۆڕینەوە" واتە هەڵگەڕان لە سۆنــگەی ڕۆژهەڵاتیکردن(یان ئۆرێنتاڵیزەکردن) وەکوو بــنەمــاڵەی ئەو چەمکانەی کە لەگەڵ بیرکردنەوەی دیکۆڵۆنیاڵ دەبەسترێنەوە و بانگەوازی دابڕانێکی فکری دەکەن لە مەعریفەی خۆرئاوا»؛ ڕوونە کە موتالاتی ڕەخــنەیی مـوسڵمـانـان هیچ پەیوەنـدی و سەرقـاڵییەکی بە ڕەخــنەگــرتـن لە فکری ئیسلامی و جیهانی

موسڵامانانەوە نییە و دەیشیڵێت "خۆ-ڕەخنەگرتنی موسڵمانان" هەر چەنێکیش ناوەڕۆکێکی ڕەخنەگەرانە نـوێنەرایەتی بکات، دیسان «بەشێک لە بەرهەمهێنانی کێشەی مـوسڵمانـانە و هەروەهـا لەگەڵ ڕوانینە داسەپاوەکان سەبارەت بە قەیرانی ئیسلام دەگونجێت.»

بە پێچەوانەی ئەو ئیدعایە وا باسی "بیرکردنەوەی دیکۆڵۆنیاڵ" دەکات دەیهەوێت «دابڕانێکی مەعریفی بۆ بەئەنجامگەیاندنی قەرارەکانی تیۆری ڕەخنەیی بدات؛ ئەویش لە بەستێنێکدا کە بێبەشکراوان، چیتر لە ژێر چەمکی پڕۆڵتاریا نـوێنەرایەتی نـاکرێن.» هەروەهـا ئەمە پڕۆژەیەکە وا «چەوسـاوەکانی جیهان(نێوی کتێبەکەی فرانـز فـانۆن) لە دڵی خۆیدا هەڵدەگـرێ و بەرەو ڕووی ئەو ئـاکامـانە دەبێتەوە کە لە نـاوەنـدی تێگەیشتنێکی نـوێ و لە کاتی گۆڕینی نەزمی جیهانی و تـاوتـوێکردنی بەربەسـتەکانی ئەم جێگۆڕکەیەدا، سەرهەڵدەدات.» سەرنجە تایبەتەکە لەسەر پرسی «ئەورووپاناوەندخوازیی(یورۆسێنتریزم)ـە کە وەکوو پڕۆژەیەکی نەگۆڕ دەیهەوێ واتـای جیهانی(یۆنیڤێرسـاڵ) وەکوو هـاومـانـای ئەورووپایەتی پێشان بـدات.» کەواتە بەم بۆنەوە «دەیهەوێ ئیمکانی بکەرێتی مـوسڵمانـان لە بەین بەرێ و وزەی مـوتـاڵاتی ڕەخـنەیی مـوسڵمانان بسڕێتەوە.» دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە ئیدعا دەکەن کە لە ڕێگەی ڕەخنە لە ئۆرێنتاڵیزم «ئیمکانێکی نـوێ بۆ پـرسیارگەلێک دەکەنەوە کە تێگەیشتنێکی ئـاڵۆز و فـرەڕەهەنـد لە نێوان دەسەڵات و زانین بەدی دەهێنێت.» ئەم پڕۆژەیە «ئـامــاژەیە بە گۆڕینی ئۆنتیک(بــوونەوەرنـاســانە) بەرەو فــامێکی ئۆنتۆلۆژیک [بووناسانە] لە پرسەکانی پەیوەندیدار بە ئیسلام.» موتاڵاتی ڕەخنەیی موسڵمانان بە ئێمەی وتـبوو کە «لە گـومـانێکی بـنەمـایی ڕوو بە پـازێتیڤیزمەوە دەسـتپێدەکات» هەروەهـا دەیشگوتـرێت بۆ موتاڵاتی ڕەخنەیی موسڵمانان «هیچ  پێویستییەک بە مامەڵەکردن لەگەڵ فاکت و داتاکان بوونی نییە»

ئێـستـا ئەوەمـــان لێـرە هەیە و ڕوون بـــووەتەوە. لە رێـگەی ڕەدکـردنەوەی یـورۆسێـنـتـریـزم قەرار وایە چەوسـاوەکانی زەوی بە هـاوکاری مـامـانەکانی نـاسـنامەخـوازیی ئیسلامی بۆ دۆزینەوەی دەنگی ڕەسەنی خۆیان پـاڵپشتی بکرێن؛ ئەمە ئەوان تـوانـا دەکات تـاکوو دژ بە بەرانـبەرەکانیان تۆمەت بـخەنە سەر داتـا- زانیای و فـاکتەکان و ئەوانە بە شێوەی زاتی وەکوو ئـامـرازەکانی دەسەڵاتێکی گڵاو پێناسە بکەن. هەنـدێک دەسکەوتیش بە دەست دێت. [بەڵام] ئەمانە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی کێ دەکات؟

سەرچاوە: https://policyexchange.org.uk/publication/islamism-and-the-left/

**سێر جان جێنکێنز** ئەندامی باڵای PolicyExchange (یەکێک لە گەورەترین ژووره فکرەکانی بریتانیا)، 35 ساڵ لە دەزگای دیپلۆماتیکی بریتانیا خزمەتی کردووە. خاوەن بەکالۆر و دوکتۆرا لە لە کۆلێژی مەسیحی زانکۆی کامبریجە. هەروەها لە قوتابخانەی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقی لە لەندن (عەرەبی، بێرمەیی) لە ڕێگەی FCO و قوتابخانە بازرگانییەکانی لەندن و ئەشریج خوێندوویەتی.

ئەو خوێندکاری پێشووی سێمیناری سالزبۆرگ بووە. لە ساڵی 1980 بە FCO پەیوەست بوو و پێش دیاریکردنی وەکوو سەفیری بێرمە (1999-2002)؛ لە ئەبوزەبی (86-1983)، لە مالزی (92-1982) و کوەیت (98-1995) خزمەتی کردووە. هەروەها کونسوڵی HM-ئورشەلیم (2006-2003)، باڵوێزی سوریا (2007-2006)، بەڕێوبەری FCO بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا (2009-2007)، باڵوێزی عێراق (2011-2009)، هەروەها نوێنەری دەستەبژێر لە ئەنجوومەنی نەتەوەیی و باڵوێزی لیبی (2011) و باڵوێزی شانشینیی سعودی (2015-2012) بووە.

ئەو لە پڕۆژەی لێکۆڵینەوەی "سێر جان چیلکت" سەبارەت بە عێراق ڕۆڵێکی چالاکی هەبوو و لە مارسی 2014 لە لایەن سەرۆکوەزیرانەوە داوای بەڕێوبردنی خوێندنەوە و پێداچوونەوەی سیاسەت لەسەر ئیخوان موسلمین و ئیسلامخوازیی سیاسی لێکرا. تا کاتی بەجێهێشتنی FCO ئەو کارناسی باڵای پرسی عەرەب لە حکومەت بوو.
لەم دوواییانەدا سێر جان بەڕێوبەری جێبەجێکاریی خوێندنی ستراتژیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (2017-2015) و یەکێک لە هاوکارانی بالای دامەزراوەی یێڵ جەکسۆن (2017) بۆ کاروباری جیهانی بوو.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

1 ژووڵس دارمێنن لە 17ی فێبریوێری 2021دا داوای لێکۆڵینەوەی لە دیاردەی «دەمـارگـرژیی ئیسلامۆ-لێفتیست»ی لەنێو ئـاکادێمیا کــرد. https://www.politico.eu/article/french-minister-wants-inquiry-into-so-called-islamo-leftist-bias-in-academia/

2 لە نێو «Janet Afary and Kevin Anderson, Foucault and the Iranian Revolution, Chicago 2005» پـاژی ئـاخـر بـاسێکی بەکەڵکی لەسەر شێوەکانی چەپ لە لای نوام چامسکی، ژین بودیارد و کەسانی دیکە سەبارەت بە ڕووداوەکانی 11 سێپتامبر کردووە و لە نێو گوتارێکی دژە-ئیمپێریالیستی چەپخوازانە پێناسەی دەکاتەوە.

3 بڕوانە .Gilles Kepel, The Murder of Samuel Paty, Liberties, Spring 2021

4 بڕوانە

- Richard Delgado and Jean Stefancic, Critical Race Theory: An Introduction, New York University Press 2017.
- Pamela Paresky, Critical Race Theory and the “Hyper White” Jew, Sapir, Spring 2021. https://sapirjournal.org/social-justice/2021/05/critical-race-theory-and-the-hyper-white-jew/

5 https://www.thetimes.com/article/new-laws-to-protect-university-free-speech-r6xstz8qs.

6 ڕاپۆرتی زۆرباشی ئەم دووایینەی ئەنجومەنی نەتەوەیی فەڕانسا لە مـانگی مـارسی 2021 سەبارەت بە دەرکەوتن و گۆڕانکاریی شێوە جیاوازەکانی نەژادپەرستی و وڵامگەلێک کە ڕەنگە بدرێتەوە. https://www.assemblee-nationale.fr/dyn/15/rapports/racisme/l15b3969-ti_rapport-information.pdf

7 بڕوانە

Aziz al Azmeh, l’obscurantisme postmoderne et la question musulmane, Arles, 2004 ; Aziz al Azmeh, Islams and Modernities, Verso, London 2009.

8 ژان میشل بلانکو لە ئۆکتۆبری 2020 لە درێژەی ئیدعای هاوشێوەی وەزیری پەروەردەی فەڕانسا.

9 نـاوەنـدێکی تـوێژینەوەیی گشـتی نێوان-زانسـتییەکان کە لە ژێر دەسـتەی بەڕێوبەرایەتی وەزارەتی خـوێندنی بـاڵا و تـوێژینەوەی فەڕانسا خزمەت دەکات. https://www.cnrs.fr/en/the-cnrs

10 وەزیری فەڕانسا لەسەر مەترسی ئیسلامۆ-لێفتیزم ئاگاداری دەدات: https://www.telegraph.co.uk/news/2021/02/17/french-minister-sparks-storm-warning-islamo-leftist-scourge/
هەروەها دیبەیتگەلێک وەک ئەم نموونەیە؛ «**ئیسلامۆ-لێفتیزم، چ واقعیەتێکە؟**» https://www.tf1info.fr/societe/video-le-parti-pris-de-caroline-fourest-islamo-gauchisme-quelle-realite-2179133.html
وە هەروەهـا پێرنـارد لـووگـان لە وڵام بە «**دی-کۆلۆنیالیزەیشن، ئیسلامۆ-لێفتیزم و تێرۆریستە تۆبەکارەکان**» لە ڕادیۆی سـاد،25ی مارسی 2021 دەدوێت: https://www.youtube.com/watch?v=3wEHfMUmrKw

11 ڕای گەیانــد کە ئیسلامۆ-لێفتیزم واقعیەتێکی زانســتی نییە. https://www.cnrs.fr/en/press/islamo-leftism-not-scientific-reality ئەڵبەت ئەستەمە بوترێت مەبەست لە واقعیەتی زانستی چییە و کێ لێهاتوویی بڕیار و داوەری لەسەری هەیە.

12 https://www.mediapart.fr/journal/france/170221/islamo-gauchisme-vidal-provoque-la-consternation-chez-les-chercheurs?onglet=full

«بەڕاستی پرسی ئیسلامۆ-لێفتیزم لەسەر چییە؟»: https://www.middleeasteye.net/news/france-islam-leftism-macron-muslims-academia-elections

https://www.liberation.fr/idees-et-debats/islamo-gauchisme-frederique-vidal-perd-ses-facultes-20210217_7TOKDM2M2FE6DLH5RULC2D55T4/

https://www.politico.eu/article/on-islam-macron-isnt-flirting-with-the-far-right/

13 «فەڕانسا، خەباتی چینایەتی لە بەرانبەر خەباتی شوناس؟»: https://orientxxi.info/lu-vu-entendu/class-struggle-vs-identity-struggles,4600

14 ئەوان دەڵێن لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم پیلانێک لە نێوان جووەکان و فراماسۆنییەکان بوونی بووە. ( l'emprise judaeo-maçonnique" تیترێکی ناوزڕاوە کە لە ڕۆژنامەی Le Soir لە ساڵی 1941 بڵاو بوویەوە) یان لەسەر **جوو-بوڵشویزمی نازییەکان** نووسیویانە: بڕوانە

A Specter Haunting Europe: The Myth of Judaeo-Bolshevism, Harvard, 2018، Racial Capitalism and the Campaign against 'islamo-gauchisme' in France, Jadaliyya, https://www.jadaliyya.com/Details/37858/Racial-Capitalism-and-the-Campaign-Against-.

Un Racisme Imaginaire: Islamisme et Culpabilité, Grasset, 2017.

واڵستریت ژورناڵ لانیکەم وا بیر دەکاتەوە کە حکومەتی فەڕانسا لەسەر شتێک پێداگرە:

https://www.wsj.com/articles/emmanuel-macron-and-the-woke-11613604823

لەوە دەچێ زۆربەی فەڕانسییەکان وا دەڕوانن:

https://www.ifop.com/publication/les-francais-et-la-notion-dislamo-gauchisme/

نامەیەکی ئاوەڵاو بۆ پاڵپشتی لەو ئاکادێمیستانەی وا دەگوترێ لە لایەن دەوڵەتەوە کەوتوونەتە ژێر هەڕەشە؛ لێرەدا نووسەران، **چەپی ئیسلامی** وەکوو چەمکێکی نەژادپەرستانە و ئایدیالۆژیک ناو دەبەن:

https://www.aljazeera.com/opinions/2021/4/12/in-solidarity-with-french-academics-targeted-by-the-republic.

15 بڕوانە «ئیسلامۆ-لێفتیزم چییە و بۆ پرسێکی قسەلەسەرە؟»: https://www.thelocal.fr/20210217/islamo-gauchisme-what-does-it-mean-and-why-is-it-controversial-in-france/

16 بڕوانە Mille et une Nuits, 2002. و هەروەها L'imposture Décoloniale: Science imaginaire et Pseudo-Antiracisme, Paris 2020.

17 Jean Birnbaum, Un silence religieux: la gauche face au djihadisme, Seuil, 2016.

18 https://www.lemonde.fr/societe/article/2010/06/13/finkielkraut-et-le-mouvement-islamo-gauchiste_1372087_3224.html

19 Un racisme imaginaire: la querelle de l'islamophobie, Paris 2017.

[20] https://www.lefigaro.fr/actualite-france/2016/11/08/01016-20161108ARTFIG00271-l-universitaire-gilles-kepel-ravive-la-fracture-a-gauche-sur-l-islam.php

https://www.lemonde.fr/idees/article/2020/10/31/une-centaine-d-universitaires-alertent-sur-l-islamisme-ce-qui-nous-menace-c-est-la-persistance-du-deni_6057989_3232.html

https://www.lemonde.fr/idees/article/2021/02/22/universites-le-probleme-n-est-pas-tant-l-islamo-gauchisme-que-le-devoiement-militant-de-l-enseignement-et-de-la-recherche_6070816_3232.html

[21] https://www.nzz.ch/feuilleton/islam-und-identitaetspolitik-kritik-ist-legitim-und-nicht-rechts-ld.1509319

[22] https://www.nzz.ch/meinung/die-schaerfsten-kritiker-des-politischen-islam-sitzen-im-maghreb-ld.1595309
https://www.nzz.ch/feuilleton/terroristen-sind-opfer-und-kritische-muslime-extremisten-wie-medien-islamistische-denkmuster-foerdern-ld.1602120

[23] بڕوانە
Sadik J Al-Azm, Orientalism and Orientalism in Reverse, in Is Islam Secularizable? Challenging political and Religious Taboos, Vol 3 of Secularism, Fundamentalism and the Struggle for the Meaning of Islam, Collected Essays on Politics and Religion, Berlin 2014.

[24] بۆ نموونە بڕوانە Bassam Tibi, Islam's Predicament with Modernity: Religious Reform and Cultural Change, Routledge 2009.

[25] Aziz al 'Azmeh, Islam and Modernities, Verso, 2009.

[26] بڕوانە
- Nick Cohen, What's Left: How Liberals Lost their Way, London 2007.
- Douglas Murray, The Strange Death of Europe: Immigration, Identity, Islam, Bloomsbury, 2019.

[27] لە نێوانیاندا مـن جۆرەکانی **پرۆگرێسیڤیزم** [پێشکەوتنخوازیی] و **پۆست-مۆدێرنیزم** دەگونجێنم کە هیچ یەک لەوانە چەپخواز بە واتا کلاسیک و نەریتییەکەی نین. بۆ نموونە ئایا فووکۆ چەپ بووە؟ ڕوونە کە ئەو لە دەیەی 1950 ئەندامی پارتی کۆمۆنیست بوو. بەڵام لە کۆتاییدا ئەو زۆرتر ڕەخنەگەرێکی کەلتوریی ئانارشیک و خەباتکار بوو.
گـفتوگۆیەکی بـاش لەسەر ئەم بـاسـانە لە لایەن جێف شۆلنبێرگـر: https://americanaffairsjournal.org/2021/05/how-we-forgot-foucault/؛ هەروەهـا بـابەتێکی دیکەی پەیوەنـدیدار: https://outsidertheory.com/theorycels-in-trumpworld/.
من لەم وتارەدا هەوڵ ئەدەم ڕوانین و ڕاڤەگەلی جۆراوجۆر بەکار بەرم و لە پێناسە جیاوازەکانی ئەو چەمکە [چەپ] کەڵک وەربگرم.

[28] بڕوانە بۆ ئەم وتارە کە تێیدا باسی پەیوەندی ستراتژیکی ئیسلامیزم و چەپخوازیی و هەروەها هاوبەشی لە ئامانج و ئایدیالۆژییاندا دەکات: https://www.liberation.fr/debats/2020/10/26/aux-sources-de-l-islamo-gauchisme_1803530/

29 لەم وتارە بە قەڵەمی چریس هارمەن ئاماژە بەوە دەکرێت کە دووای شەڕی دووەمی خەلیج، ئێمە [چەپەکان] هەندێ لە پرسەکانی خۆمـــان وا دژ بە **ئێمپێریاڵیزم** و **دەوڵەتە** لە نێو لایەنی ئیسلامـــخوازەکانـــدا دەبینینەوە: http://www.marxists.de/religion/harman/index.htm
لەم بـــاسە زۆر بـــاشەدا ئیمانۆئێل کاراجینس و کلارک مەکۆڵی ئـــامـــاژە دەدەن بە «دەرکەوتنی یەکگرتـــوویی ســـوور و سەوز: شـــوێنی یەکدیتنەوەی ئیسلامی سیاسی و چەپی ڕادیکاڵ، تێرۆریزم و تـــونـــدوتیژی سیاسی»: https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/09546553.2012.755815

30 بۆ نـموونە لە وتـارێکی ئـالیسن سکاتـبامـن: «ڕێگریکردن، ڕادیکاڵبوونەوەی خـوێندکاران ڕانـاوەسـتێنێت؛ تەنیا ئیسلامۆفۆبیا بەهێز دەبێـــــتەوە»: https://www.theguardian.com/education/2020/jul/14/prevent-doesnt-stop-students-being-radicalised-it-just-reinforces-islamophobia و هەروەهـا لە پـاژێکی نـووسراو لە لایەن خۆی لە سـاڵنامەی «مـوسڵمانەکان لە ئەورووپـــــا»: https://eprints.soas.ac.uk/25393/1/scott-baumann-united-kingdon-yearbook-of-muslims-in-europe.docx.pdf. هەروەهـــا بڕوانە بۆ «کەســـایەتییە بـــریتانیاییەکان و ئیسلامیستەکان لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی سەبـــارەت بە ئیسلامۆفۆبیا و شەڕ لەگەڵ تێرۆر، بەشـداری دەکەن»: https://policyexchange.org.uk/blogs/uk-figures-and-islamists-participate-in-international-conference-on-islamophobia-and-the-war-on-terror/

31 بڕوانە جـان لیچفیڵد، «بۆچی مـاکرۆن نـاچـار بـوو ئیسلامیزم بـگرێتە ئەسـتۆ»: https://unherd.com/2021/03/macron-stuck-between-left-and-right-on-islamism/

32 چەپی جیاواز هەیە؛ بۆ نـموونە چەپی کۆنی ئینگلیسی کە چەپێکی حـزبی بـوو. مـارکسیستەکان کە ڕوانینێکی مـاتێریاڵیستییان بۆ پـرسە کۆمەڵایەتییەکان نـوێنەرایەتی دەکرد و هەروەها چەپی نوێی ئەورووپی کە تا ڕادەیەک تێڕوانینێکی تیۆریکتری سەبارەت بە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بەرهەم دەهێنێت. پرسەکانی ئەم چەپە شیکردنەوەی ئابستراکتی دەسەڵات، ڕەگەز، ئێمپێریاڵیزم و هیرارشی ئایدیالۆژیک لە خۆ دەگرێت. ئەم تێڕوانینە دووایینەیە وا لە ئاکادێمیای ئێستادا گرنگی پێ دەدرێت.

33 بڕوانە

- Ritchie Robertson, The Enlightenment: The Pursuit of Happiness,1680-1790, Allen Lane 2020.
- Jonathan I Israel, Enlightenment Contested, Philosophy, Modernity and the Emancipation of Man, 1670-1752.
- The Enlightenment that failed: Ideas, Revolution and Democratic Defeat, 1748-1830, OUP, 2006 and 2019.

هەروەها لەسەر پەیوەندی ڕۆشنگەریی بەرەو فکری ئیسلامیستی مۆدێرن بڕوانە بۆ:

- A Mirsepassi, Political Islam, Iran and the Enlightenment, CUP, 2011.

34

- Helena Rosenblatt, The Lost History of Liberalism: From Ancient Rome to the Twenty-first Century, Princeton 2019.
- Quentin Skinner, The Foundations of Modern Political Thought: Volume 1, The Renaissance, CUP 1998.
- Harold J Berman, Law and Revolution: The Formulation of the Western Legal Tradition, Harvard 1983.

35 ئیمانۆئێل کانت لە وتارەکەی خۆی لە ساڵی 1784 (وڵامێک: ڕۆشنگەریی چییە) لە ڕاستیدا ڕووبەڕووی پرسێکی دیاریکراو کە ساڵی پێشوو لە ڕۆژنامەیەکی بەرلین کەوتبوویە بەر باس، دەبێتەوە؛ لێرەدا لە بەردەستە: Immanuel Kant, Practical Philosophy (trans and edited by Mary J Gregor), CUP 1999, 11ff.
هەروەها بڕوانە وینسێنز فرۆون، «ڕۆشنگەریی: مێژووی ئایدیایەک. لێرە لەبەدەستە»: https://academic.oup.com/princeton-scholarship-online/book/15681/chapter-abstract/170452012?redirectedFrom=fulltext
لە ساڵی 1984 لە لایەن فووکۆ ئەم پرسە دیسان تاوتوێ کرا: https://leap.colostate.edu/wp-content/uploads/sites/24/2017/01/Foucault-What-is-enlightenment.pdf
هەروەها بڕوانە بۆ ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:
- J K Gani, The Erasure of Race: Cosmopolitanism and the Illusion of Kantian Hospitality, 29 June 2017 at https://doi.org/10.1177/0305829817714064.
- Duncan Bell, Dreamworlds of Race: Empire and the Utopian Destiny of Anglo-America, Princeton 2021, Chapter 7.

36 بڕوانە
James Schmidt, Inventing the Enlightenment: Anti-Jacobins, British Hegelians, and the "Oxford English Dictionary", Journal of the History of Ideas, Vol. 64, No. 3 (July 2003), pp. 421-443, University of Pennsylvania: https://www.jstor.org/stable/3654234?read-now=1&re-

37
- Timothy Brennan, Places of Mind: A Life of Edward Said, Bloomsbury 2021, 73, 90, 123.
- Esmat Elhalaby, The World of Edward Said, Boston Review, 13 May 2021 at http://bostonreview.net/philosophy-religion/esmat-elhalaby-world-edward-said.
- Adam Schatz, Palestinianism, LRB, Vol. 43 No. 9 · 6 May 2021 at https://www.lrb.co.uk/the-paper/v43/n09/adam-shatz/palestinianism.

38 بڕوانە
Isaiah Berlin, Critics of the Enlightenment, Pimlico 2000.
Joseph de Maistre and the Origins of Fascism, NYRB, 27 September 1990 at https://www.nybooks.com/articles/1990/09/27/joseph-de-maistre-and-the-origins-of-fascism/
بۆ ناسینی زاڵێتی تیۆری ڕەخنەیی و ڕیشە ڕووناکبیرانەکانی بڕوانە:
François Cusset, French Theory, How Foucault, Derrida, Deleuze & Co transformed the intellectual life of the United States, Minneapolis 2008. https://www.newstatesman.com/an-event-perhaps-biography-jacques-derrida-review

39 سەبارەت بەم مژارە لەگەڵ میسەپەسی (2011) هاوڕام: «وا دەڕوانم کە کاریگەرییەکی قووڵی هەندێک لە ڕەوتە ڕووناکبیرانەکان بەرجەستەیە کە خۆیان لە خۆرئاوادا ڕیشەیان هەیە؛ بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاویش لەسەر فۆرماسیۆن و بەردەوامی گەشەی ئیسلامی سیاسی وەکوو نەریتێکی فکری دژە-خۆرئاوا و دژە-ڕۆشنگەریی کارتێکەرییان هەبووە... ڕووناکبیرانی موسڵمان زۆربەیان بە گشتی، خۆرئاوا، مۆدێرنیتە و دیمۆکراسییان لە ڕێگەی ئایدیاگەلی ڕادیکاڵی دژە-ڕۆشنگەریی **فەلسەفەی ئاڵمانی** و هەروەها لە چاو هەندێک لە **ڕووناکبیرانی فەڕانسییەوە** ناسیوە.»

40 لە لایەن زۆربەی موسڵمانەکانەوە وەکوو تجدد (نوێبوونەوە) ڕاڤە دەکرێ. شتێک وا لە ڕێگەی حەدیسێکی بەناوبانگ ئۆتۆریتەی وەرگرتووە. ئەم ئایدیایە هەروەها لەسەر ڕیفۆرمیستەکانی دووایی وەکو ئەلبەنا، مەودوودی و سەید قوتب کاریگەر دانا. بڕوانە Hartung 2013, 71ff.

41 بۆ نموونە بڕوانە

Walaa Quisay, The Neo-Traditionalist Critique of Modernity and the Production of Political Quietism in Saud al Sirhan (ed) Political Quietism in Islam, I.B. Tauris 2020.

42 بڕوانە

- Zackery M Heern, Usuli Shi'ism: the Emergence of an Islamic Reform Movement in Early Modern Iraq and Iran, Department of History, University of Utah August 2011 at https://bahai-library.com/pdf/h/heern_usuli_shiism-hidden.pdf.
- Jonathan Brown, Misquoting Muhammad, The Challenges and Choices of Interpreting the Prophet's Legacy, Oneworld Publications, 2014.
- Michael Crawford, Ibn 'Abd Al-Wahhab, Oneworld Publications 2014.

43

- Albert Hourani, Arabic Thought in the Liberal Age, 1798-1939, Cambridge 1983 is the classic guide.
- Jens Hanssen and Max Weiss, Arabic Thought beyond the Liberal Age: Towards an Intellectual History of the Nahda, CUP 2016.
- Alexander Bevilacqua, The Republic of Arabic Letters: Islam and the European Enlightenment, Harvard, 2018.
- Georges Corm, Pensée et politique dans le Monde Arabe: Contextes Historiques et Problématiques, XIX-XXI Siècle, Paris 2015.
- Jens Hanssen and Max Weiss, Arabic Thought Against the Authoritarian Age, CUP 2018.

44

بۆ نموونە وەرگرتنی مۆدێلی ئەورووپی یاسای بنەڕەتی و لە ئاکامی ئەوەدا داشکاندنی پێگە و ئیمتیازی (عۆلەما). بڕوانە

- Aaron Zelin, From the Archduke to the Caliph: the Islamist Evolution that led to the Islamic State, in The First World War and its Aftermath, T G Fraser (ed), Gingko Library 2015: https://www.academia.edu/19349433/From_the_Archduke_to_the_Caliph_the_Islamist_evolution_that_led_to_The_Islamic_State_.
- The Princeton Encyclopaedia of Islamic Political Thought (multiple editors), Princeton 2013, 502ff.
Joseph Schacht, An Introduction to Islamic Law, OUP 1964, especially Chapter 15.
https://www.academia.edu/29014364/_De_Liberalizing_Judicial_Independence_in_Post_January_25th_Egypt?email_work_card=view-paper
- David H. Warren, Cleansing the Nation of the Dogs of Hell: Ali Juma'a's Nationalist Legal Reasoning in Support of the 2013 Egyptian Coup and its Bloody Aftermath, Int. J. Middle East Stud.49 (2017), 457–477, doi:10.1017/S0020743817000332 at https://www.academia.edu/34056783/Cleansing_the_Nation_of_the_Dogs_of_Hell_Ali_Jumas_Nationalist_Legal_Reasoning_in_Support_of_the_2013_Egyptian_Coup_and_its_Bloody_Aftermath_IJMES_49_3_457-77_2017_?email_work_card=view-paper
https://www.cambridge.org/core/journals/international-journal-of-middle-east-studies/article/cleansing-the-nation-of-the-dogs-of-hell-ali-jumas-nationalist-legal-reasoning-in-support-of-the-2013-egyptian-coup-and-its-bloody-aftermath/F2638FBB32AC4E325E05CDE31C5BAE3A
- Amal Ghazal and Larbi Sadiki, ISIS: The Islamic State between Orientalism and the interiority of MENA's intellectuals, Jadaliyya, 19 January 2016 at https://www.jadaliyya.com/Details/32873/ISIS-The-%60Islamic-State%60-between-Orientalism-and-the-Interiority-of-MENA's-Intellectuals.

45 نموونەیەکی ئەم تێڕوانینە دەتوانێت شێخ ئەلەزهەر، ئەبدۆلحەمید مەحموود بێت کە لە ساڵی 1983 ئیدعای دەکرد کە: «عەقڵ لە دۆزینەوەی پێوەرێکی مێنتاڵ بۆ هەڵسەنگاندن و جیاکردنی **حەقیقەت و درۆ** لە نێو جیهانی ڕۆحانییەتەکاندا شکستی خوارد. هەروەها لە داهێنانی هەڵسەنگێنەرێکی بڕیاردەر بۆ جیاکردنەوەی **حەقیقەت و درۆ** لە نێو پـانـتایی بەرزەوەبـوو [تـرانسێندێنتاڵ] شکستی خـوارد. مێتۆدەکەی ئەرەستوو شکستی خورد و هەروەهاش مێتۆدەکەی دێکارت» بڕوانە:
As’ad Abu Khalil, The Incoherence of Islamic Fundamentalism: Arab Islamic Thought at the End of the 20th Century, Middle East Journal, Vol 48, No 4 (Autumn 1994), 677-694 at https://www.jstor.org/stable/i399041.

یان

https://static.squarespace.com/static/4f334481cb12c1acadc57623/5177e444e4b0244b5f673736/5177e4aae4b0244b5f67d514/1324404882095/17497979-AbuKhalil-Incoherence-of-Fundamentalism%20-%20Unknown.pdf.

46 بۆ نـاسینی وەهـا بـزووتـنەوەگەلێک لە ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاسـت و بـاکووری ئەفـریقا کە لە ژێر کاریگەری مـاکسیم ڕادینسون پێناسە دەکرێن؛ بڕوانە
https://www.lemonde.fr/archives/article/1978/12/06/i-ou-dieu-n-est-pas-mort_2984784_1819218.html.
- Martyn Frampton, The Muslim Brotherhood and the West: a History of Enmity and Engagement, Cambridge, Mass 2018, 22ff, 37 and 44.
- Omar Ashour, The De-Radicalization of Jihadists: Transforming Armed Islamist Movements, Routledge, 2010.
- Asser Khattab, Swastikas in Damascus, Newlines, March 2021 at https://newlinesmag.com/essays/swastikas-in-damascus/

بۆ زانیاری لەسەر نموونەیەکی دیکە واتە **تورکیای ئەردۆگان** بڕوانە
Rainer Hermann, Erdogan und sein Mafiapate, FAZ, 30 July 2016 at https://www.faz.net/aktuell/politik/ausland/erdogans-mafiapate-propagiert-ehre-blut-und-vaterland-14360368.html.

47 ڕیفۆرمیستی بەنـاوبـانـگ، شێخ ئەلەزهەر، کتێبەکەی سـپێنسر لە ژێر نـاوی (پەروەردە: فکری، مۆراڵ و فیزیکاڵ) لە فڕانسییەوە وەرگێڕابووە سەر زمانی عەرەبی. بۆ زانیای زۆرتر لەسەر ئەم پرسە و پەیوەندی هاوبەشی ئایدیگەلی ڕۆشنگەری و نا-ڕۆشنگەری بڕوانە:
Aziz al Azmeh, Islamist Revivalism and Western Ideologies History Workshop Journal, Volume 32, Issue 1, AUTUMN 1991, Pages 44-53 at https://doi.org/10.1093/hwj/32.1.44.
Islams and Modernities, Verso 2009, 97ff.

48 بڕوانە
- Jan-Peter Hartung, A System of Life: Mawdudi and the Ideologisation of Islam, OUP, 2013, 38ff.
- Sir John Jenkins, On Islamism, Policy Exchange, November 2020.

49
Olivier Roy, Islam and Resistance in Afghanistan, CUP, 1990, quoted in François Burgat, Understanding Political islam, 256.

بە وتەیەکی دیکە (هێزی پارچەپارچە بووی ئیسلامیزم لە ڕێگەی پێکهاتە مەعریفییەکانی مۆدێرنیتە گەشەی کرد): Quisay 2020.

50 بڕوانە

- Khalil Al-Anani, Inside the Muslim Brotherhood: Religion, Identity and Politics, OUP, 2016, 50ff.
- Joas Wagemakers, Making definitional sense of Islamism, ORIENT II/2021.
- Hamid Dabashi, Islamic Liberation Theology: Resisting the Empire, Routledge 2008.

لە لاپەڕەی 37 دەباشی دەڵێ «تێزی من بە کورتی ئەمەیە؛ ئیسلامیزمی خەباتکارانە لە وڵامێکی شۆڕشگێڕانە و ڕاستەوخۆ بە کۆلۆنیاڵیزمی ئەورووپی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە سەری هەڵدا. **ئیمانێکی سەدەی نیوەڕاست** بۆ بەرخۆدانی ئایدیالۆژیک لەگەڵ مۆدێرنیتەی کۆڵۆنیاڵ بەکار برا.»

51 بڕوانە

Joel Wing, A History of the Iraqi Communist Party: Interview with Univ of East Anglia's Johan Franzén, Musings on Iraq, 15 July 2014 at http://musingsoniraq.blogspot.com/2014/07/a-history-of-iraqi-communist-party.html

لەسەر **شێعیزم و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی** بڕوانە:

- Hamid Dabashi, Theology of Discontent: The Ideological Foundation of the Islamic Revolution in Iran, New Brunswick 2008.
- Nikkie R.Keddie, Shi'ism and Social Protest, Yale 1986 and Hartung 2013, 44ff.

بۆ زانیاری لەسەر **پەیوەندی بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکان لەگەڵ ئیسلامیزم و کۆمەڵی شێعیزم** بڕوانە:

Yizhak Nakash, The Shi'is of Iraq, Princeton 2003, Eric Davis, Memories of State: Politics, History and Collective identity in Modern Iraq, Berkeley 2005 and Faleh A Jabar, The Shi'ite Movement in Iraq, Saqi 2003.

سەبارەت بە ئێران؛ بڕوانە:

- Baqer Moin, Khomeini, Life of the Ayatolloh, I.B. Tauris 1999, Roy Mottahadeh, the Mantle of the Prophet: Religion and Politics in Iran, Oneworld 2000.
- Iran: How a Marxist guerrilla band sparked a struggle in Siahkal, Middle East Eye, 8 February 2021 at https://www.middleeasteye.net/news/iran-siahkal-incident-anniversary-leftist-guerrilla-shah-history.
- Quentin Müller and Sabrine Lakhram, Comment le communisme a façonné le chiisme politique irakien, OrientXXI, 25 April 2019 at https://orientxxi.info/magazine/comment-le-communisme-a-faconne-le-chiisme-politique-irakien,3043.

52 وەرگێڕاو لە لایەن مریەم لوتفی، زانکۆی ئیدنبرگ، 2012.

53 بڕوانە

Myth and Reality in the Contemporary Islamist Movement (tr Ibrahim M Abu-Rabi') Pluto Press 2005.

ئەو ڕەخنەگەرێکی توندی حەسەن حەنەفی و هەوادارانی فکری ئیسلامیزم بە چەپ و ڕاستەوە بوو. بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەو لەگەڵ زانای سەلەفی، ئەبوقوتادە، کە حەنەفی بە زنداقە (بیدعەت) تۆمەتباری کرد هاوڕا بوو.

Peter Nesser, Abū Qatāda and Palestine, Die Welt des Islams 53 (2013) 416-448 at https://www.academia.edu/5384072/Abu_Qatada_and_Palestine?email_work_card=view-paper.

54 وەرگیراو لە تراس [تراث]ی عەرەبی بە واتای میرات.

55 وەرگێڕاو لە لایەن جاناتان ڕایت، زانکۆی یێڵ، 2018.

56 Quisay 2020.

57 بڕوانه

- Mohammed Arkoun, Islam: To Reform or to Subvert? Saqi Books 2006.
- Ursula Günther, Mohammed Arkoun: Towards a radical rethinking of Islamic thought in Suha Taji-Farouk (ed), Modern Muslim Intellectuals and the Qur'an, OUP 2006.

58 بڕوانه

- Salvatore 88ff and Navid Kermani, From Revelation to Interpretation: Nasr Hamid Abu Zayd and the Literary Study of the Qur'an in Taji-Farouki 2004.
- Farzin Vahdat, Post-revolutionary Islamic modernity in Iran: the intersubjective hermeneutics of Mohamad Mojtahed Shabestari in Taji-Farouki 2004.
- Ori Goldberg, Shi'i Theology in Iran: The Challenge of Religious Experience, Routledge 2012.

شەبەستری لە ئاڵمان خوێندوویەتی و لە ژێر کاریگەری لێکۆڵینەوەکان لە ئیلاهیاتی پرۆتستانت و هێرمێنۆتیک لە کانتەوە بووە. لە ڕێگەی کارەکانی کارڵ بارت، دیلتای و گادامێر: بۆ زانیاری زیاتر سەیری پەراوێزی 131 بکە لە خوارەوە.

59 Mitchell 1969, 43ff.

60 خودی ئایدیاکە گرێدراوە بە ڕۆمانتیسیزمی ئەورووپییەوە؛ بە دڵنیاییەوە هەر بەو شێوەیکە هێرشی ئیسلامخوازانە بۆ سەر کتێبی پیرۆزی مەسیحی و جووەکان بنیاتی خۆی لەسەر دەستکەوتەکانی ڕەخنەی ئینجیلی پرۆتستانت لە سەدەی نۆزدەیەمی ئەورووپادا دەوەستێنێت. ڕۆمانتیسیزم لە نەریتەکانی پێشووی فکری ئەورووپییەوە وەرگیراوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سانت ئاگۆستین. هەروەها لە ڕێگەی کیێرکەگارد، بوو بە بەشێکی سەرەکی لە خەزێنەی ئێگزێستنشیاڵیزم.

61 یەکێک لە گرنگترین ڕێنماکان:

Roxanne Euben The Enemy in the Mirror: Islamic Fundamentalism and the Limits of Modern Rationality, Princeton, 1999.

دەباشی(2008)، لە پەراوێزی 5دا دەڵێ «**خۆیەکی زامدار** کە بە شێوەیەکی بەکۆمەڵ درووستکراوە؛ خاوەن زۆرترین هێز لە دەروونی ئێرانی هاوچەرخدایە: ئەوی دیکەیان ڕەدکردنەوەی زگماکییانەی "**خۆرئاوا**"یە. زیاتر لە هەر شتێکی دیکە، هەر ئەم بێزارییە کۆییەیە لە دژی **بنیاتنانی خەیاڵی** کە ناونراوە "خۆرئاوا"؛ ئەم بێزارییە بە قووڵی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جووڵاندووە.»
بۆ نموونەی تورکیاییەکە بڕوانە:

Turkey: A Conversation with İsmail Kara, The Maydan, 24 October 2017 at https://themaydan.com/2017/10/islam-islamism-turkey-conversation-ismail-kara/.

62 بڕوانه

- Fawaz A Gerges, Making the Arab World, Nasser, Qutb and the Clash that Shaped the Middle East, Princeton 2018, 334ff.
- Gilbert Achcar, Orientalism in reverse, Radical Philosophy 151, Sep/Oct 2008.
- Jens Hanssen, Reading Hannah Arendt in the Middle East : Preliminary Observations on Totalitarianism, Revolution and Dissent, Orient-Institut Studies 1 (2012) – Rethinking Totalitarianism and its Arab Readings at https://perspectivia.net/publikationen/orient-institut-studies/1-%202012/hanssen_hannah-arendt.
- Hanssen and Weiss 2018, Shiraz Maher, Salafi-Jihadism: The History of an Idea, London 2016.

63 بۆ نموونە بڕوانە

Nahwa al Nour (Towards the Light), translated in Roxanne L Euben and Muhammad Qasim Zaman, Princeton Readings in Islamist Thought, New Jersey, Princeton 2009.

64 بڕوانە

- Euben and Zaman 2009.
- John Calvert Sayyid Qutb and the Origins of Radical islamism, London 2010, 90ff.

ئـاوا دەنــووسرێت: «[قـوتـب] هەوڵی دەدا کە بە تـونـدی کاریگەریی "نـامـرۆڤسازیی" کەلـتووریی مۆدێرن و مـاتێریالیستی بە جێگەی "ئازادکردنی مرۆڤ" پێشان بدات. هەر وەکوو گێڕانەوە پۆست-ڕۆشنگەریی کە ئیدعایان دەکرد، ئەمیش لەو باوەڕەدا بوو کە مۆدێرنیتەی خۆرئـاوایی خەڵک لە نێو سیستەمـگەلی سڕکەریی کۆنترۆڵ و دیسیپلین تێوەدەگلێنێت و بە جێگە دروسـتکردنی کۆمەڵگەگەلی هـاوسۆز، پەرەی بە تـــاکخوازییەکی خۆپەرەســـتانە داوە. قـــوتـــب کارێل وەکوو بیرمەنـــدێکی جیاوازیی ڕۆژاوایی دەبینێت؛ کەسێک کە پەی بە شارستانیەتەکەی خۆی بردبوو کە چۆن مرۆڤایەتی بێ بایەخ دەبێت لە لایەن ماشین بۆ لەبەین بردنی ڕۆح ( النفس و الروح).»

لە ڕاسـتیدا ڕوانینەکانی کارێل بە گشـتی بێ وێنە و تـاقـانە نەبـوون: لەوانەیە نیچە، هـایدگێر، ئۆرتێگا، گـاسێت یان ئەدۆرنۆش لە بنیاتـدا هەروایان ڕوانیبێت. لە لایەن وەزیری پێشووی ئۆقـافی میسر (هەروەهـا مـامۆســتا یوســف ئەلــقەرەداوی) فکرێکی یەکجار کاریگەر و پەرەسەنـدوو دژ بە بیرکردنەوەی ئەورووپی بە تـایبەت کۆمۆنیزم، سۆسیالیزم و لیبرالیزم لە کتێبی مـحەمەد ئەلـباهی ( الفکر الاسلامی فی عصر الحدیث و الصلاتوحی بالاستعمار الغربی) و لە کتێبێکی دیکە (الفکر الاسلامی فی المجتماع المعاصر) - بەیروت 1975 باس کراوە.

بۆ زانیای ژیاننامەیی بڕوانە: https://ar.wikipedia.org/wiki/محمد_البهي

65 هەمووی ئەوانە دەتوانری لە Hurtung 2013 ،Calvert 2010، و Abu Zayd 2006، ببینرێت. ئەبووخەلیل (1994) لە وتارێکی کورت بەڵام تـونـدا بـاسی لەسەر ئەوە کردبـوو کە ئەم ئـایدیانە بە بۆنەی خـوێندنەوەیەکی هەڵەی سەرچـاوە کلاسیکەکانەوە سەریان هەڵدابوو.

66 [پەراوێزەکە لە دەقەدا وەک خۆی دانراوە]

67 ئاگامبێن 2005، chapter 4.

بۆ دۆزینەوەی سەرچاوە بڕوانە:

کارڵ شمیت .Politische Theologie, Berlin, 2015. Chapter 3

68

Hartung 2013, 193 ff and Jan-Peter Hartung, Viele Wege und ein Ziel: Leben und Werke von Sayyid Abu'l-Hasan Ali-al-Hasani Nadwi, Würzburg 2004.

69 بڕوانە .Dabashi, 2008

70

- Ali Ansari, Iran, Islam and Democracy: The Politics of Managing Change, Chatham House 2019, 112 ff.
